**گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە**

**زانا خەلیل و باهۆز مستەفا دەریدەکەن.**

**ژمارە_2_**

**پایزی 2021**

_گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە.

_زانا خەلیل و باهۆز مستەفا دەریدەکەن.

_ژمارە (دوو)ی پایزی 2021

دیزاینی بەرگ: دەراو خەلیل

دیزاینی ناوەوە: زانا خەلیل

_تیراژ: 500

_چاپخانە: تاران

## بۆ ئەو ژمارەیە:

**بەڕێوەبەرانی گۆڤار**


**1_زانا خەلیل......................................7**

**2_باهۆو مستەفا..................................29**


**بەشداربووانی ئەو ژمارەیە:**


**_د.عارف حیتۆ.............................,.......50**

**_ئاوێزان نوری..........................,.........77**

**_ئازاد بەرزنجی.................................. 89**

**_جەلال بەرزنجی...............................,...103**

**_کەریم دەشتی.................................117**



# زانا خەلیل

# شیعری "روپی کوار"

**و: زانا خەلیل**



**هەرگیز نەمزانیوە ژیانێکی هاوسەنگ بژیم**

**من کاتێ غەمگین دەبم**

**ناگرییێم، دەڕووخێم.**

**کە شاد دەبم، بزە ناکەم، دەدرەوشێمەوە.**

**کە تووڕە دەبم ناقیژێنم، دەسووتێم.**

**کە دەکەومە خۆشەویستییەوە**

**خۆشمناوێن، باڵیان پێدەدەم.**

**ئەوە ئاساییە دواجار ئەوان حەز بە فڕین دەکەن**

**من دڵم دەشکێ**

**ئەو کاتە پێویستە ہمبینی**

**من غەمبار نابم بەڵکو پارچە پارچە دەبم.**



**عەباس مەحمود عەقاد**

ڕۆژنامەنووسێک لە نووسەری میسری _عەباس مەحمود عەقاد_ی پرسی: ئایە تۆ بەناوبانگتری یا مەحمودە شکوکو؟ (شکوکو گاڵتەجاڕێکی میسری بوو).

عەقاد گوتی: شکوکو کێیە؟

کاتێ ڕۆژنامەنووسەکە ئەو قسەی بە شکوکو گوت، شکوکو بە ڕۆژنامەنووسەکەی گوت: بڕۆ بە عەقادی برادەرت بڵێ، با بێتە مەیدانی تەحریر لە لایەک بوەستێ و منیش لە لایەک، بزانە خەڵک لای کاممان کۆدەبێتەوە؟ عەقاد وەڵامی بۆ ناردەوە و گوتی: بە شکوکو بڵێن با لە مەیدانی تەحریر لە لایەک بوەستێ و ژنێکی ڕاقیسەچیش لە لاییێکیتر بزانە خەڵک لە دەوری کامیان کۆدەبێتەوە؟



**دوو جار ژنم هێنا**

**هەردوو جار بەدبەخت بووم،**

**ژنی یەکەمم بە جێیهێشتم و**

**ژنی دووەمیشم بەجێمناهێڵێ.**

**<u>Woody Allen</u>**



**موتەنەبی**

**پیاوێک ویستی موتەنەبی شاعیر tووڕە بکا، پێیگوت:**

**_کە لە دوورەوە تۆم دیت وامزانی ژنیت.**

**موتەنەبی وەڵامی دایەوە:**

**_بەڵام من کە لە دوورەوە تۆم دیت، وامزانی پیاویت.**



## مەحمود دەروێش

بەرەو ئەوروپا هیجرەت دەکەن و بە یاساوە پەیوەست دەبن، فلتەری جگەرە فڕێنادەنە سەر عەرد و لە شوێنە گشتییەکان جگەرە ناکێشن.. لە شوێنی تایبەت بە پەڕینەوە، دەپەڕنەوە، هەستێکی پڕ لە ئەمنییەتتان دەبێ، ئەگەر لە پەنجەرەوە ببینن پشیلەیەک دەڕفێنرێ خەبەری پۆلیس دەدەن.. لە سەیارە هاژۆشتندا خۆتان دەبەستنەوە و کورسی تایبەت بۆ منداڵ لە پشتەوە دادەنێن، سرە دەگرن ئەگەر ریزەکە کیلۆمەترێکیش بێ، کاتێکیش جنسیەی ئەوروپی وەردەگرن و بتانەوێ یەکێک هەڵبژێرن ئەوە بە دوای مێژوو و رابردوو و شارەزایی بەربژێرەکەدا دەگەڕێن.. ئەگەر هەموو ئەو شتانەتان لە وڵاتی خۆتاندا بکردبا ئەوە نە باندەکانی تاوان درووست دەبوون و نە سووک و ریسواکانیش دزیان لێدەکردن.



**له "ئاجاثا کریستی"یان پرسی:**

**_بۆچی کاتێک لە قاقا دەدەین، یا خەون دەبینین، یا کەسێک بە توندی لە باوەش دەگرین، یا کڕنۆش دەبەین، چاوەکانمان دادەخەین؟**

**گوتی: چونکە جوانترین شتەکانی دنیا بە چاو نابینرێن بەڵکو بە دڵ هەستیان پێدەکەین.**




**دایکێک کە شێتبووە و دوای ماوەیەکی زۆر بە پیری،**

**کوڕە گەنجەکەی دەبینێتەوە و پێیدەڵێ:**

**کوڕەکەم تۆ بە گەنجی یەک نەخۆشیت هەبوو ئەویش کۆلێرا بوو.**

**(فلورینتینۆ)ی کوڕی پێیدەڵێ: دایە من کۆلێرام نەبوو،**

**تۆ لەنێوان عەشق و کۆلێرەدا لێت تێکچووە.**

---

**لە رۆمانی (خۆشەویستیی لە زەمەنی کۆلێرا)دا.**



خەلیفە لە دیوەخان شیعری بۆ دەستوپێوەندەکانی دەخوێندەوە، لەناویاندا شاعیرێک هەبوو، کە خەلیفە تەواوبوو، لە شاعیرەکەی پرسی: شیعرەکەمت بە دڵ بوو؟

شاعیرەکە گوتی: وەڵڵا هیچ بۆن و تامێکی بەلاغەم لێ نەکرد.

خەلیفە تووڕەبوو، بڕیاریدا بیگرن و لە تەویلەدا لەگەڵ کەر و حەیواندا بیبەستنەوە.

دوای مانگێک ئازادیان کرد و هێنایانەوە نێو مەجلیس و خەلیفە دەستیکرد بە شیعر خوێندنەوە، بەر لەوەی خەلیفە لە شیعر خوێندنەوە تەواوبێ، شاعیر هەستا و ویستی دانیشتنەکە جێبێڵێ، خەلیفە تەماشایەکی کرد و پرسی:

ها.. شاعیر دەچییە کوێ؟

شاعیرەکە وەڵامیدایەوە: دەچمە تەویلەی حەیوانان مەولای.



**oscar wilde**

## هەر کێی بە دوای ژنێکی باش و
## زیرەک و جواندا بگەڕێ
## دەبێ بە دوای سێ ژندا بگەڕێ.

**ئەو لاپەڕانەی پێشەوە وەرگێڕان بوون:**

**سەرچاوە : ئینتەرنێت**

# خۆشەویستیی چییە؟

زانا خەلیل

یەکێ دەڵێ: نوورە لەژێر پێستدا.
یەکێ دەڵێ: باڵ و ئاسمان.
یەکێ دەڵێ: زنجیر.
یەکێ دەڵێ: ئۆقیانۆسی ئاشتیی.
یەکێ دەڵێ: پردی جوانیی.
یەکێ دەڵێ: نەخۆشیی پاکەکان.
یەکێ دەڵێ: سیحرە.
یەکێ دەڵێ: شای دەسەڵاتەکان.
یەکێ دەڵێ: تاجی متمانە.
یەکێ دەڵێ: لافاوی بەختەوەریی.
یەکێ دەڵێ: ڕووباری بەخشینە و
منیش دەڵێم: کێوی ئیشراقە لە دڵدا.
منیش دەڵێم :خۆری وجودە لە ناخدا.



**ئەگەر حەقیقەت ژن بووا**
**هەموو کەس خۆشیدەویست.**

**ئەفڵاتون**

# باشییەکانی تەنیایی

**زانا خەلیل**

تەنیایی ئەوەی باشە
نە کەس ئازار دەدەیت و
نە کەسیش هەیە ئازارت بدا.
نە کەس بریندار دەکەیت و
نە کەسیش هەیە بریندارت بکا.
نە فەزای کەس تێکدەدیت و
نە کەسیش هەیە فەزات تێکبدا.

تەنیایی ئەوەی باشە
نە تۆ بەهەشتی کەسیت و
نە کەسیش دۆزەخی تۆ
نە تۆ دۆزەخی کەسیت و
نە کەسیش بەهەشتی تۆ.

تەنیایی ئەوەی باشە
کە هیچ شتێکی خراپی نییە.

# خوا حەزی لە تەزویر نییە

**زانا خەلیل**

**هەیە بەقەد هەزاران شەیتان**
**فێڵ لە مرۆڤ دەکا و نوێژیش دەکا.**
**هەشە بەقەد هەزاران فریشتە**
**مرۆڤ لە نەهامەتی**
**ڕزگار دەکا و نوێژیش ناکا.**
**دەڵێم: خوا زیاتر حەزی لە کەسێکە**
**باش بێت و نوێژ نەکا**
**لەوەی نوێژ بکا و خراپە بکا.**

# شیعرێک کە هەمیشە نوێیە



تۆ کە پیاوێکت بە کۆڵەوەیە، وەرە.
کە سەد پیاوت بە پرچت گرێداوە، وەرە.
کە هەزار پیاوت لە نێوان سینە و
قاچەکانت هەڵگرتووە، وەرە.
وەک رووبارێکی لێوانلێو لە نوقوومبوو
کە دەڕژێتە نێو دەریایەکی هار و
دەبێتە کەفی دەریا و زەمەن، وەرە.
کاتێ چاوەڕوانتم هەموویان بێنە
ئێمە هەمیشە تەنیا دەبین
من و تۆ هەمیشە تەنیا دەبین لەو زەمینەدا
تا بە یەکەوە ژیان دەسپێبکەین.

---

_پابلۆ نێرۆدا (1973_1904) شاعیری چیللی.
_سەرچاوە: drbugnah.net
و: زانا خەلیل

# ئەفۆریزم

**Aphorism**




## Anaïs Nin

## ئەنایس نین (1977_1903)

## ژنە نووسەری فڕەنسی_ئەمەریکی

**و: زانا خەلیل**

ئەگەر دوو کەست دیت
لە شوێنێکی گشتی دانیشتن و
هیچ قسەیان لەگەڵ یەکتر نەکرد
ئەوە بزانە ژن و مێردن.
•

هەندێ گوڵی جوان هەن
بۆنیان نییە و
هەندێ ژنی جوانیش هەن
نە تامیان هەیە و نە بۆن.
•

جیاوازییەکی گەورە هەیە
لەنێوان ئەوەی: جوانە بۆیە خۆشتدەوێ،
لەگەڵ ئەوەی خۆشتدەوێ بۆیە جوانە.
•

هەموو شتێ لە دنیادا هیلاکییە جگە لە مەرگ
مەرگ کۆتایی هەموو هیلاکییێکە.
•

زەواج کارێکی خێزانییە
بەڵام تەڵاق کارێکی تاکەکەسییە.
•

ئەگەر تا ئەو ئاستە دەبەنگیت و
ناتوانی بیر لە خۆت بکەیتەوە بڕۆ زەواج بکە.
•

زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق بەڵگەیە
لەسەر زۆری ئازادیخوازان و
زۆربوونی ڕێژەی زەواجیش بەڵگەیە
لەسەر زۆری کەسانی پاڵەوان.
•

کچی ئێستا بە جوانییەکەی مێشکی پیاو بەڕێوە دەبا و
بە چێشتەکەشی گەدەی تێکدەدا.
•

ڕابردوو بۆیە جوانە چونکە ڕۆیشت
ئەگەر بگەڕێتەوە ڕقمان لێیدەبێتەوە.
•

ژنی عاقڵ ئەوەیە شەکر لە هەموو ئەو قسانە دەکا
کە بۆ پیاوی دەکا و خوێش لە هەموو ئەو قسانە
دەردێنێ کە پیاو بۆی دەکا.
•

بێکاریی و تەمبەڵیی
لە هەنگوین خۆشترن.
•

لەوانەیە هەڵەکانی کەسێکی سەڵت
زۆر زیاتر بێ لە کەسێکی خێزاندار
بەڵام سەڵت هەڵە گەورەکەی نەکردووە.
•

لە شەترەنجیش وەک مردن
دوای گەمە، مەلیک و سەرباز
بە یەکەوە دەخرێنە ناو یەک تەختە.
•

ڕێساکانی سەرکەوتن نازانم
بەڵام یەکەم ڕێسای فەشەل ئەوەیە
هەوڵبدەی هەموو خەڵک ڕازی بکەیت.
•

هیچ پیاوێک نییە دوژمنی ژن بێ
ئەوە ژنە کە دوژمنترین دوژمنی ژنە.
•

زۆربەی کێشەکان
لە ماڵ ڕوودەدەن
بۆیە خەڵک حەز دەکەن
زیاتر لە دەرەوە بمێننەوە.
•

دوو جۆر جوانیی هەیە:
یەکێکیان دەتخاتە قسەکردن و
یەکێکیشیان لە قسەکردنت دەخا.
•

بینیم کە جیاوازی لەنێوان خەڵک
یەکجار کەمە
هەموو خەڵک
لە ژێر پێستدا وەک یەکن.
•

# وێنە



سێ کەس لە وێستگەدا
پیاوێک و ژنێک و منداڵێک

دەستی پیاوەکە لە گیرفانییەتی
ژنەکە دەستی منداڵەکەی گرتووە

پیاوەکە غەمگینە
وەک گۆرانییە غەمگینەکان، غەمگینە.
ژنەکە جوانە
وەک بیرەوەرییە جوانەکان، جوانە.
منداڵەکە غەمگینە
وەک بیرەوەرییە جوانەکان و
جوانیشە وەک گۆرانییە غەمگینەکان.

---

_جەمال ثورەیا (1931_1990) شاعیری تورک.

## كۆد



پاشا: ئەی گاڵتەجاڕ بە پێکەنینم بێنە.
گاڵتەجاڕ: گەورەم
وەزیری یەکەمت بێ مێشکە
وەزیری دووەمت گەمژەیە
وەزیری سێیەمت گێلە و
وەزیری چوارەمت...
پاشا لە پێکەنیندا دەنگی نامێنێ و
دواتر دەڵێ: بوەستە ئەی گاڵتەجاڕ
ڕێگاچارەیەکم پێبڵێ..
گاڵتەجاڕ: گەورەم ڕێگاچارە ئەوەیە
کە تۆ مەلیکی بێ مێشکانی.

---

_جاك پرڤێر (1900_1977) شاعیری فرەنسی.



# باهۆز مستەفا



بۆ عەباس عەبدوڵلا یوسف

باهۆز مستەفا

پڕیت لە نووری وشە و مانا
لەبەر تیشکی ناخت،
لۆچەکانی کراست بوونەتە
مۆدە، عەلاگەی دەستت بڕاندە،
جلوبەرگت، مارکەی ریتشی و ئارمانی
هەر کەس نزیکت بووبێ
پڕوشکی تۆی بەرکەوتووە
تازە هەست بە بۆنی ئەو تۆزە دەکەین
کە دەمێکە لەسەر کتێبەکانت نیشتووە
بەنێو هەموو ڕێبازەکان تێپەڕیویت،
ئێستا خۆت ڕێبازی خۆتیت
تۆ بیرمەندێکی بێ شوناسی
مێژوو تۆی بیرچۆتەوە
دواجار گفتوگۆکانت دەبنە هەڵم و
وەکو باران دادەبارێنەوە
ببوورە کە هێشتان نازانین تۆ کێیت!



هاینریش هاینە

له نامۆییدا

هاینریش هاینه

له ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

ڕۆژێك له ڕۆژان
نیشتمانێکی جوانم هەبوو
دار چنارەکان سەریان ئەوەندە بەرزبوو
گوڵە وەنەوشەکان بە نەرمی سەریان
بۆ دەچەماندەوە
ئەوە خەون بوو،
بە ئەڵمانی ماچی دەکردم و
بە ئەڵمانی قسەی دەکرد،
کەس بڕوای نەدەکرد،
ئیقاعی وشەی خۆشمدەوێ (ئیش لیبە دیش)
چەند خۆشبوو،
ئەوە خەون بوو

- -

**ئێوە دەزانن، بۆچی تابووت**
**ئەوها گەورە و گرانە**
**چونکە من خۆشەویستی و**
**ئازارەکانمی لەگەڵ دەخەمە ناو.**



ڤۆلڤگانگ فۆن گۆتە

له ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

چ شتێک کاتەکانم کەم دەکاتەوە؟
چالاکی
چ شتێک واتلێدەکات بەردەوام بێزاربیت؟
تەمبەڵی
چ شتێک وادەکات قەرزاربیت؟
چاوەڕوانی و بەرگەگرتن
چ شتێک وادەکات قازانج بکەیت؟
زۆر بیرنەکردنەوە
چ شتێک گەورەت دەکات؟
بەرگریکردن



## بێرتۆلت برێشت

**1898- 1956**

له ئەڵمانیەوه / باهۆز مستەفا

**1**

## ڕێزگرتن له ڕێزنەگرتن، ڕێزگرتنه

پرۆفیسۆرێکی فەلسەفه هاته لای بەڕێز ( کۆینەر) و پەندەکانی خۆی بۆ گێڕایەوه.
دوای ئەوەی که پرۆفیسۆر تەواو بوو، بەڕێز کۆینەر پێیگوت: تۆ بەڕەحەتی دانەنیشتووی، تۆ بەڕەحەتی قسه ناکەیت، تۆ بەڕەحەتی بیرناکەیتەوه، پرۆفیسۆری فەلسەفه زۆر تووڕه بوو و گوتی: من نامەوێت هیچ دەربارەی خۆم بزانم، بەڵکو دەربارەی ئەم ناوەڕۆکەی

کە من گوتم، بەڕێز کۆینەر گوتی: ئەمە هیچ ناوەڕۆکی نیە، من دەبینم تۆ وەکو گێل دەڕۆیت، ئەو ئامانجەی تۆ بەدەستی دەهێنیت لەو کاتەی من لەڕۆیشتنا دەدبینم هیچ نیە. تۆ بە تاریکی دەدوێت، ئەوەش ڕووناکی نیە، کە تۆ لە نێو قسەکردنا دەیخولقێنیت، سەیری هەڵوێست و ستایلی خۆت بکە، ئامانجت بۆ من هیچ گرینگ نیە.

2

## ئۆرگانیزاتسیۆن

جارێکیان بەڕێز ( کۆینەر ) گوتی: بیرمەند نە ڕووناکی زۆر و نە پارچە نانێك زیاتر و نە بیرکردنەوەی زۆر بەکاردەهێنێت.

## 3

## خزمەتكاری ئامانج

بەڕێز كۆینەر ئەم كۆمەلە پرسیارە دەخاتە ڕوو: هەموو بەیانییێك جیرانەكەم مۆسیقا لێدەدات، بۆچی ئەو مۆسیقا لێدەدات؟ من گوێ دەگرم، چونكە ئەو گومناتیك دەكات، بۆچی ئەو گومناتیك دەكات؟ چونكە ئەو پێویستی بە هێزە، من گوێ دەگرم، بۆچی ئەو هێزی پێویستە؟ چونكە ئەو دەبێت بەسەر دوژمنەكانی سەركەوێت لەشار، بۆچی ئەو دەبێت بەسەر دوژمنەكانی سەركەوێت؟ چونكە ئەو دەیەوێت نان بخوات، من گوێ دەگرم، پاش ئەوەی بەڕێز كۆینەر گوێی لەمەبوو، كە جیرانەكەی مۆسیقا لێدەدات بۆ ئەوەی گومناتیك بكات، گومناتیك دەكات بۆ ئەوەی بە هێزبێت، هێز كۆدەكاتەوە بۆ ئەوەی لە دوژمنەكانی بدات، لە دوژمنەكانی دەدات بۆ ئەوەی نان بخوات، ئینجا پرسیاریكرد: بۆچی ئەو نان دەخوات؟

## 4

## له یەکچوو باشترە لە جیاوازی

ئەو مرۆڤانەی لە یەکتر جیاوازن باشتر نین، بەڵکو ئەوانەی لەیەکتر دەچن، چونکە ئەوانەی لەیەکتر دەچن ڕازین لە یەکتری، بەڵام ئەوانەی جیاوازن لە یەکتری بێزارن.

## 5

## کۆینەر و پزیشك

پزیشك بە لووت بەرزییەوە بە کۆینەری گووت: من دەربارەی زۆر شت قسەمکرد، کە نەزانراوبوون، هەروەها من جگە لە قسەکردن لەو شتانە، چارەسەری تۆشمکرد.
کۆینەر گوتی: ئەوە ئێستا زانراوە، کە تۆ چارەسەرتکرد؟
پزیشك گوتی: نەخێر
کۆینەر گوتی: ئەمە باشترە، کە نەزانراو بە نەزانراوی بمێنێتەوە، لە جیاتی ئەوەی نهێنی زیاتر بلاوبێتەوە.

## 6

### پرسیار، ئایا خوا هەیە؟

کەسێك پرسیاری لە کۆینەر کرد، ئایا خوایەك هەیە؟ کۆینەر گوتی: من ئامۆژگاریت دەکەم، کە تۆ بیر بکەیتەوە، ئایا هەڵسوکەوتت دەگۆڕێت، دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەگەر هیچ گۆڕانێك ڕوویندەدا، ئەوکاتە دەتوانین گرینگی بە پرسارەکە نەدەین، وە ئەگەر گۆڕان ڕوویدا، ئەوە من بەلایەنی کەم دەتوانم ئەوەندە یارمەتی دەربم کە بڵێم، تۆ بریاری خۆتت داوە، کە تۆ پێویستیت بە خوایەك هەیە .

سەرچاوە:

**Bertolt Brecht**

**Geschichten vom Herrn Keuner**

**Suhrkamp**



**2015 -1927 گونتەر گراس**

## ( ماكس)ی من
## گونتەر گراس

**لە ئەڵمانیەوە: باهۆز مستەفا**

**بۆ مۆزەخانە یاخود كتێبخانە، كەچی ڕووەو ژوورە ساردەكەی هوتێل گەڕایەوە، نەك بۆ كردنەوەی نامەكە، بە پەنجە درێژەكانی نامەكەی خستە لاوە، هەر لە هەمان كات دەفتەری بیرەوەریەكانی لە پالتۆكە دەرهێنا: مرۆڤ دەیەوێت لە دارستان پرسیاری ڕێگا لەكەسێك بكات، كە دەستەكانی بەخوێن سوور هەڵگەڕاوە، كەواتە ئەو لەم ساتانە كوشتویەتی ...**

زۆر کەیف خۆشبوو بەم ڕستە گونجاوە، کە تامی زۆر شتی لێدێت، بەردەوام بۆ خۆی دەیخوێندەوە و پەڕەکانی هەڵدەداوە، پاڵتۆ تەڕەکەی ئازاری بە سەرتاپایی لەشی دەگەیاند، بۆیە بێزاربوو لێی و دایکەناند، هەمدیس نەك بۆ هێنانی نامەکە بۆ سەر مێز، بەڵکو بۆ ئەوەی لە تەنیشت سیسەمەکەی کتێبی هیگل لە کتێبخانە بچووکەکەی دەربهێنێت، چونکە پێوابوو ئەو باس لە مەبەستی تاوان دەکات، ئینجا بێ هیچ ئامرازێکی نامەکردنەوە، نامەکەی هەڵپچڕی و چاویشی هەر لەسەر قەدی پەڕەکەبوو: ماکسی کوڕە بچکۆلەم مرد، دەنگەکە لە هامبۆرگەوە گەیشتە ژوورەکەی، بگریی بە حەزەوە بگریی .. چاوتروکانێ بوو ڕۆیشت، ماکسی من، هەر پشکە خوێنێك یاخود خەیاڵێکی لەرزیوو هیچ، ئەوەی لەسەر ئەم پەڕە نووسراوە، قەت جارێکیتر بۆنی نان و شیر و گوێز و دەنگە بچکۆلانەکەی لێنایێت و نا زرینگێتەوە، منیش دەمەوێت بە حەزەوە بگریم، ناتوانم ئەو جوان و شیرینە لە نێو مردن جێبێلم، خۆی وەکو کرم خڕکردبۆوە، حەزیدەکرد ببێتە کرم و بە بێزەوە بەشە قێزەونەکەی خۆی بەرێت: ماکسی من ماکسی من ...

ژنەکەی هەندێك پرچی گروازەیی زەردی زندووی بۆ لە مابەینی زەرفی نامەکە دانابوو، لەسەر دەستە زبرەکەی دەجووڵایەوە و خستیە دەمی و قوتیدا بۆ ناوەوە و لە قوڕگی مایەوە، حەزیدەکرد کرمبا، بە هیوابوو کە ئێستا لای خۆیی بوایە، ماکسی من دەکرا بۆ من بوایی، دەمێك

بوو پرچەکە زۆری لێدەکرد، بەسەر مێز و نامە و کتێبەکەی هیگڵ بڕشێتەوە، تا بەسەر کتێبەکەی نەڕشێتەوە، ڕووی وەرگێڕا و دوای ماوە و ڕشانەوەیەکی زۆر، ئینجا توانی پرچە زەردەکە بێنێتە دەرەوە، ئەوکات لای خۆی نووسی: قەت ناتوانم بۆقێك بکوژم..

سەرچاوە:

**Gunter Grass**

**Wir leben im Ei**

**Bibliothek Suhrkamp**



\

**فرانسوا ماری (ڤۆڵتێر)**

**1694- 1778 paris**

**کاندید یا گەشبینی**

**فرانسوا ماری (ڤۆڵتێر)**

**لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا**

**یەکێک لە رۆمانە جوانەکانە، کە نوسەری گەورەی فەرەنسی ڤۆلتێر نوسیویەتی.. هەرچەندە دەمێکە ئەو رۆمانە نووسراوە، بەلام چێژ و جوانیەکەی لە دەست نەداوە..**

کاندید لە کۆشکی بارۆنییێکی ئەڵمانی لە هەرێمی ڤێستفالن باکوری رووباری راین دەژیا، نازانن کوڕی ناشەرعی بارۆن بوو یا نا، چونکە وەکو کوڕی کچەکەی ناساندبوو، کەچی کچەکەی لەگەل کەس سەر جێی نەکردبوو.
پانگلۆس کە قەشەیەکی رۆشەنفکری کۆشکی بارۆن و ناوچەکە، مامۆستای کاندید، وانەکانی میتافیزیک، خوداناسی، سیستەمی جیهان. پانگلۆس پێوابوو: هەموو شتێک لەسەر ئەم زەمینە کە روودەدات باش و خراپ، خێری بۆ مرۆڤ هەیە، وەکو تابلۆیەکە ئەگەر کەمێک رەنگی رەش و سێبەری تێدا نەبێ جوانیەکەی خۆی نیشاننادا.
کاندید ژیانێکی زۆر خۆشی لە نێو کۆشک هەبوو، ئەو رۆژەی بارۆن کاندید و کچەکەی (کونیگوندە ) لە ژوان دەگرێ لە باخچەی پشتەوە، لەوکاتە کاندید بە شاپ لە کۆشك دەردەکرێ. دوای ئەوە کاندید دەچێتە ناو هێزی بولگاری پاشان ئەوێش جێدەهێلێت و روو دەکاتە پورتوگال لەوێ توشی مامۆستاکەی پانگلۆس دەبێتەوە. پانگلۆس دەلێ: دوای دەرکردنی تۆ کاندید هێزێکی زۆر هێرشیانکردە سەر کۆشک و بارۆنیان کوشت و ژنەکەیان پارچە پارچە کرد و کونیگوندەشیان کوشت، هەروەها دەلێ: دەمەوێت نهێنێکت پێبلێم: منش توشی نەخۆشی سوزەنک بوومە لەژنی بارۆن! کاندید دەپرسێ: بۆ ژنی بارۆن پاک نەبوو؟

قەشە پانگلۆس: با پاکبوو، بەڵام لە قەشەی گەورە و ناسراوی ڤێستفالن توشی ببوو، ئەویش لە......

دوای دەگەڕێنەوە بولگاریا لەوێ زیندانی دەکرێ و پاشان بە هۆکاری هەلگیرسانی شەڕ ئازاد دەبێ، لەم ناوە رووبەرووی خۆشەویستەکەی کونیگوندە دەبێتەوە، بەسەر سوڕمانیەوە لێدەپرسێ ئەی تۆیان نەکوشت؟ کونیگوندە: بەڵێ لەو کاتەی بولگارییەکان هاتن سەربازێکی زل حەزی چووە من و ویستی لاقەم بکات، بەڵام من بەرگریمکرد بۆیە بە چەقۆ لە سکمیدا لەو کاتە ئەفسەرەکەیان هاتە ژوورەوە و سەربازەکەی کوشت و منیشی هەلگرتەوە تا چاکبوومەوە پاشان منی کردە معشوقی خۆی تا بێزار بوو، ئینجا بە بازرگانێکی هۆڵەندی فرۆشتم، ئەویش لەگەڵم بوو تا تێربوو، دوای بە بازرگانێکی جولەکەی فرۆشتم، ئەو رۆژەش لە بازار توشی لێکۆلەری گەورەی شار بوم، ئەویش عاشقم بوو، داوایکردم میش گوتم خاوەنم هەیە، هەوالی بۆ دۆن ئساشەری جولەکە نارد، بەڵام رازی نەبوو، لێکۆلەر گوتی: چیت دەوێ دەدەمێ، بەڵام رازی نەبی بە هۆکاری ئاینی سزات دەدەم، دوای وا رێککەوتن، کە رۆژانی دووشەممە و چوارشەممە و شەممە بۆ جولەکە و رۆژەکانی تر بۆ لێکۆلەربم، بەڵام کێشەیان لەسەر شەوی شەممە بۆ یەکشەممە هەبوو لای کامەیانبم .

لەم بەینە جولکە دۆن هاتە ژوورە و گوتی: هەی سەگی گالیلی دیارە لێکۆلەرت بەس نیە ئەوەشت هێناوە! چەقۆکەی هەلکێشاو رووەو کاندید هێرشی برد، کاندید

زۆر ئازایانە و بێ دوو دڵی بە چەقۆکەی لەسەر زەوی درێژی کرد، شەوی یەکشەممە بوو، لێکۆلەریش بەسەرداهات، کاندید ئەویشی کوشت.

کونیگوندە: ئەوە چیت کرد دوو کەست کوشت؟

کاندید: کونیگوندە جوانەکەم، ئەگەر مرۆڤ عاشقبێ و غیرە بکا و رقییشی لە لێکۆلەربێ، ئەوە لەو کاتە خۆشی ناناسێ.....

دوای کاندید و کونیگوندە هەلاتن و لە رێگاش کەسێکیتر کە بووە هاورێیان، ئەویش ژنک بوو، کە گوماندەکرێت کچی ناشەرعی پاپا بێ، لەو کاتەی کونیگوندە نەی ویست چیرۆکی تراژیدی خۆی بۆ کچی پاپا بگێرِیتەوە، چونکە خۆش ژیاوە ناتوانێت لە مەینەتیەکانی بگات. کەچی کچی پاپا بە کونیگوندەی گوت: گوێبگرە، ئەوەی من بینیومە ناخۆشیەکانی تۆ یاری مندالان بووە، من درابوومە گەورەترین میری ئیتاڵیا هەروەها جوانترین پیاو، ئەو کراسەی من لەبەرمدەکرد بۆ یەکشەو نرخەکەی لەکۆشکەکەی بارۆن و بگرە لەتەواوی ڤێستفان زیاتربوو. لەو کاتەی منیان لەگەڵ دایک و چەندین خزمەتکارێ و پاسەوان بە کەشتی رەوانەی رۆماکرد، لەرێگا جەردەکانی دەریا هێرشیان کرد و ئێمەیان رفاند، من کە تا ئەوکاتە کچ بووم، خۆم بۆ پیاوە جوانەکە هەڵگرتبوو، کەچی کاپتنی جەردەکان کە پیاوێکی رەش بوو منی بردە لای خۆی و لەگەڵم چوە سەر جێ، بەڵام چۆن وامزانی دونیا خراپبوو.

کەچی دەیگوت: تۆ شەنست هەیە نەمکوشتی و لە باوەشمگرتی. لەو کاتەی گەیشتینە کەنارەکانی مۆرۆکۆ (مەغریب) کۆمەڵە جەردەیەکیتر هێرشیانکردە سەرمان و هەموو ئەوانەیان کوشت و پارچە پارچە کرد کە ئێمەیان رفاندبوو، من لەژێر لاشەکان هاتمە دەرەوە ئاگام لەهیچ نەمابوو تووشی پیاوێک بووم، منی بردەوە ماڵ گوتی: من نێردراوی پاپابوم بۆ مەغریب بۆ پاراستنی کرستیانەکان، هەروەها گوتی: ئەی کچە شازادە شەش ساڵ بەخۆم بەخێومکردی، منی خستە کەشتیەک گوایە راوانەی ئیتاڵیام دەکاتەوە، کەچی منی فرۆشتە بەرپرسێک لە جەزائیر، هەرکە منی کڕی، یەکسەر دەستی بەگەڕانی هەموو ئەفریکا و ئاسیا و ئەوروپا کرد، بێگومان لەژێر ترس و دەستدرێژی سێکسی و برسییەتی، رووی لە کونیگوندە دەکرد و دەیگوت: بینە بەرچاوت کچی پاپا و کچێکی پازدە ساڵی لە ماوەی سێ مانگ خۆی بگرێ لەژێر کۆیلەتی و دەست درێژی و برسیەتی و شەڕ. دوای کوشتنی بەرپرسەکە، منیان فرۆشتە دەڵاڵێکی جەزائیری ئەویش منی فرۆشتە تونسێک ئەویش بە یەکێکیتر، ئەویش منی فرۆشتە تەرابلوس لەوێوە بۆ کۆستەنتینۆ بۆ بەرپرسێکی عوسمانیەکان ئەویش دژی روسەکان دەجەنگا، دوای کە روسەکان سەرکەوتن لەو شەڕە ئێمە وەکو دیلی جەنگە براینە مۆسکۆ لەوێ دوو ساڵ وەکو باخچەوان کارمکرد، پاش ئەو دەست و ئەو دەستکردن لەوێش رامکرد هەموو روسیا گەڕام، ئینجا چومە ریگا لە لیتلەند دوای

ڕۆستۆک، ڤیزمار، لایپزیک، کاسل، برێمن، ئوترێخت، لیدین، دێنهاگ، ڕۆتردام. لەم ناخۆشی و نەخۆشییەدا پیربووم، بەڵام هەر بیرم نەچوو کە من کچی پاپام. هەروەها سەدان جار هەوڵمدا خۆم بکوژم، بەڵام خۆشەویستی ژیان نەیهێشت سەرکەوتووبم. لەو وڵاتانەی گەڕام یا منیان برد، دوازدە کەسم بینی دژی ژیانی خۆیان بوون، لەوانە سێ ڕەش پێست، چوار بەریتانی، چوار جنێفی لەگەڵ پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانی. دواکەس کە خزمەتمکرد جولەکە دۆن ئیساشەر بوو، کە کاندید لەبەر کونیگوندە سکی دڕی. دوای گەیشتنیان بە بیۆنس ئایرس لە کاندید جیابۆوە و لەگەڵ کاکامبۆ ڕۆیشت و هەموو باشوری ئەمرکا گەڕا و دوای خۆی بەرەو بۆردۆکس لە فەرەنسا ڕۆیشت پارەشی دا بە کاکامبۆ بۆ ئازادکردنی کونیگوندە و بیهێنێ بۆ ڤەلەنسییا لە ئیتالیا لەوێ کاندید چاوەڕوانیانە.



## سیلڤیا ئامشتادت

لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

### بە حەسرەت

وتەیەکی سۆزدار.
ژوورێک بۆ دوارۆژ.
بەیەکەوە ژیان.
بەیەک گەیشتنی شەمەندەفەر.
ماچی زمان.
بینەرێک.
جگەرەیەک و
ژانی ددان.



**ئیلیان مستەفا**

ئیلۆ دەڵێ: کە کتێب دەخوێنییەوە تا دوورکەییەوە لە ژیانی واقعی.
به نموونه چ کتێبەك؟
ئیلۆ: کتێبەکانی سارا ج. ماس، یان ج. ك. رۆڤلینگ، کیرا کاس، یان کتێبەکانی ئۆکسفۆرد،
باسی چی دەکەن؟
ئیلۆ: کتێبی فەنتازین، نووسەری ئەو جۆرە کتێبانەی من دەخوێنمەوە بە زۆری ژنن.
ئیلۆ: بە مانگێك کتێبەکانی هاریپۆتەرم خوێندەوە، کە هەشت بەشە هەر بەشەی سەرووی پێنج سەت لاپەڕە،
بە چ زمانێك دەخوێنییەوە؟
ئیلۆ: زیاتر ئینگلیزی، هەندێکجاریش ئەڵمانی، کوردی کەمتر، چونکە ئەو جۆرە کتێبانەی من حەزملێیە بە کوردی نییە، یان نەمدیتییە.



**Arif Hîto**

# د.عارف حيتۆ

# ئەز و من

هەکو وەکو سەربازەکێ ژ شەڕی زڤڕی

ڤەدگەڕیتە دەف یارا خوە..

ئەز ژی ب هەمان تامەزروویی

ڤەدگەڕمە ئۆدا کتێبان

هندەك کتێبێن دەڤ و دەڤ ل سەر مێزێ

هندەکان هێژ نایلۆنێ ژێ ڤەنەکری

چەند کاغەزەك نەهاڤێژتی

ل بن بارێ پەیڤان قەرمتی

ئوو دیوارەك یێ نەخشاندی

ب وێنەیەکێ بابێ من و

ب چەندین کەڤالێن بەڵگەیی

نە وێ یارا دلدارێ وێ ژ شەڕی زڤڕی و

نە کتێبێن کراسێ من هەڕماندی

ب ڕەنگێ حوبری

دەرێ دلێ خوە ڤەكر و

پرچا هەستێن گەرم شە كر

ئەو سەربازە ئەز بووم و يارا من كتێب

ئەو ئەزێ چووى ناڤ كتێبان

سەربازەكێ سەوداسەر بوو

ل ناڤ هەڤڕكييا سار و عەجێب

من ئەزێ خوە ب رێزگرتن پاشڤە بر و

ئەزێ من ژى، ئەو سەربازێ د جانێ مندا

برە سەر زەڤييەكا گەنمى- يێ نەدورى

ئوو شهێنا هەسپێن بەزەك ئاسمان دڕاند

هەكو حەزێ داگرتيم و ئەو سەربازە ژ دل عنڕى

ئەم پێكڤە چووينە مەيدانێ ب شمشيرێن رويس

تنێ دەنگ بوو خەو ژ چاڤێن ماندی د فڕاند

هەسپێن داری و نەزینکری.. د بێ رکێب

خر ڤێنیارێن نەحەجمتی و پاڵێنەرێن گڕ بەربوویێ

وەریانە ناڤ کۆشا مەلایەك ریهدرێژ

هەکو من خوە تێوەرکری ب ڤێژهڤێژ

ئەو سەربازێ د جانێ مندا هاویش ببوو

من خوە ل مەیدانێ دیت یێ گێژ..!

*

# پرتێن هەستەکا چیایی

(کورتیلە شعرێن وەکو هایکۆیێ)

من گۆتە چووچکەك ئێك باڵی
ئەڤە بۆچی تو هند خەمگین و دناڵی
ئەز یێ ل ڤێرە..!

*

خەمێن کورکبووی ئێکو ئێکو
ل بەیارێ دل دامەزراندن
ژێ زا هەبوون!

*

من هەمی سەلکێن خوە یێن سێڤا
ڤالا کرن
مەمك ل مەیدانێ گرێل بوون

*

ب چاڤێن منڤە مۆرفینە و

ل سەر تایتلان سەمایێ دکەت

خەندەیا تە!

*

نێرگزەکێ.. ل بەر بەرچەما

شاعرەکا گەنج دکەنی

هەستێن هەلچوویی بوونە ڕهنی!

*

من هەستەك دانا بن پیێ هەستەکێ

ئوو خوە گێڵ کر ل بەر پەستەکێ

شعر ژێ بوون!

*

ئەز ب هەمبێزان چووم شەڕی

سینگێن نەرم، تبلا جەلەپکێ خاڤ کر و

پلانا من نەچوو سەری..

*

ل بەر لێڤا دەریایەکێ

حۆری یێن دەریایێ کۆم کۆمە

ل پێشوازی یا بارانێ بوون

*

منارەیا مزگەفتەکێ

سینگێ ئاسمانی دڕاند و

پێکۆلا وێ داگیرکرنا ئاسمانی بوو

*

ئاسمان ب وێ فرەهییا خوە یا پانڤە

چاڤلێکەرا دەریایێیە

ئەوا مرۆڤ پێ لێ دکەن و لێ سوار دبن

*

ئەز.. ل دارستانێ بەرزە نابم

چونکو هەمی دار و گیا

بەوصەلەیێن عەشقا منن.

*

# چەند لەقتەیێن ژیانا رۆژانە



"1"

ل فەرمانگەها نەژادنامێ خەلك رێز ب رێز ل دۆرێ بوون، زارۆكێن خوە تۆمار دكرن، ئەوێ ل بەر تۆمارێ مرۆڤەكێ قوت و سەر حەوێس و دەنگ بلند بوو؛

- وەی بابووو.. ما زورغام ژی ناڤە، یان قەحتان یان رەیان؟

+ پا ئەم ڤان دزانین، نێ ئەڤەنە دەرێ بەهەشتێ ڤەدكەن. هەروەكو دبێژن ناڤێن ئاخرەتینە، ل رۆژا قیامەتێ خۆدێ دێ رەحما خوە لێ بارینیت.

- ما خۆدێ كوردیێ نزانیت؟!

+ ئەستەغفەرەللا... خۆدێ ئەعلەمولعالەمینە.

- پا ئەگەر عەرەبیێ ب تنێ بزانیت و رەحما خوە تنێ بۆ ناڤێن عەرەبی ببارینیت، دێ ئەعلەمولعالەمینا وی چ بیت؟!

+ بابۆ... تویێ خەلەتی، ئەڤە ئەو ناڤن یێن ل سەر سالحان دهێنە دانان.

- ما مرۆڤ ب ناڤی سالح دبیت، یان ب رەوشت و کریاران؟

+ ما نە دیموکراسییە، ئەز ئازادم چ ناڤ دانمە سەر زارۆکێ خوە، دێ وی لێ دانم...

ڤی دەنگێ بلند و تورەبوویی هەمی دەڤ بێدەنگ کرن، لێ ئەو کەسێ تورە بوویی دا نەهات، ل هەڤالێن خوە زڤری و ب دەنگەکێ نزمتر پێڤە چوو: "هەمی تشت یێن وانە، بلا زارۆکێن مە بۆ مە بهێلن! بەس یا مای بۆ مە دەسنیشانکەن کا چەند جاران ل دەف ژنکێن خوە بنڤین!..." چ دەعوە!!

ئەوێ قوتێ سەر حەوێس ژی دگەل خوە دگۆت؛ ئاخ بۆ مللەتێ وەکو نەعامەیان سەر ڤەشارتی و مینا چێلا کێژ... دێ چەوا رەهێن ڤان هزرێن گەنی و ساویلکە ژ بنی برین؟! ئەڤ هزرەنە مەژیێ خەلکی دهێلتە دناڤ

گۆمەکا مەنددا، چەند مرۆڤ پتر هزر کەت دێ ئالۆزتر لێ هێت و دێ ژ ئارامیا خوە یا سەرمەدی ڤەدەر بیت. وەی وەیا وی کەسێ قوتێ سەر حەوێس موویەك ژ خەلکێ رێزکری شاش نەکر، هەر وەکو بلوورا ل بەر گوهێ گای.

زارۆک کت کتە دهاتنە تۆمارکرن، ئەوێن هێڤێنێ بەردەوامی یا ژینێ و شەنگستە بەرێن نەمریێ ژبۆ مرییان، هەموو ل سەر وێ چەندێ پێکهاتی بوون کو زارۆك دویندەها پاشەرۆژێنە. لێ دەمێ دۆرا ئازادیێ هاتی، ب خەمگینیڤە گۆت: "ئەز بێ دویندەهم!!".

"2"

رۆژکێ هەلبەستڤانەك دناڤ هەلبەستێ و هەستێن گەرمێن مرۆڤانی یا خوە یا ئازراندی و ئازادی یا کارتۆنیدا بەرزە بوو. دڤێ وەغەرا بەرزەبوونێدا گەلەك تشت دیتن! بەخچەیێن جوان، پەیڤێن وێرەك، کەسانێن

پەهلەوان و مێرخاس، ئاڤاهی یێن بلند و جاددەیێن درێژ، قەهوەخانە یێن ڤەجوینا سوحبەتان و مەیدانکێن کریاران، خامێن هەلبەستان و گلیزێ رووباران. ئەوێ هەلبەستڤان زاتەکێ ئالۆز و یاخییە، ژ کولانێن تەنگ و بەر سەپیتکێن نزم یاخییە، ژ وەعزێن سەر مینبەران و مینبەرێن ئاخفتن بەقاوی کویڤییە، ژ ژنکێن خوە ب زێران دئیننە پێش و ژ تزبێ یێن زەلامان قەرفتییە. دڤێ وەغەرا بەرزەبوونێدا، ئەوی هەموو تشت دیتن، خوە تێ نەبیت. ئەوێ هەلبەستڤان ل خوە دگەریا.

"3"

ئەوێ شەرڤان، تفەنگەکا لویلی کەلا سوارکری ڤێ بوو. شکەفت و کەڤر و چیا و چووچکان سوجدە بۆ دبر. وێنەیەکێ گیڤارای ب قوینتاخێڤە، ستێرکێ؛ سترانێن کەسك بۆ بەژنا ئاشتیێ دستراندن. سترانێن گەرم مینا

سەوكێن تەنوورا خالەتێ، یێن خۆش وەكو دیدارا دلبەرێ و سترانێن مشتی هەیبەت، نۆلا سینگێ چیای بلند. ما ژ ئاشتیێ فەرتر هەیە ئەڤ سترانێن تەر و هەژی بۆ بهێنە گۆتن؟! لێ ل بەر لێڤا دەریایێن سویر، تێهنێ هەمی لەشێ ئاشتیێ كر بوو شەر. شەرەكێ بەردەوام و بێ دوماهی. شەر، شەرە، چ ب دەڤی بیت یان ب دەستان، چ یێ سۆر بیت، یان یێ كەسك، یان ژی یێ سپی..گەلەك فەرە ئەڤ چیرۆكا ژێكڤە قەتیایی ب داوی بێت. لێ... هێشتا یا مای.

*

شبات ٢٠٠١

ژ كتێبا (دالەهی یێن كەسەكێ ب تنێ)، چ1، 2007.

# قەبخوازی



شعر: محمود درویش
وەرگێران: عارف حیتۆ

قەیدێن من باش بشدینن

قەدەغەکەن ل من دەفتەران و جگارا

ئاخێ پڕکەن سەر دەڤێ من

نێ شعر خوینا دلییە

خوێیا نانییە

ئاڤا چاڤییە

ب نینۆکا و ب هنجارا و ب خەنجەران

دهێت نڤیسین

دێ هەر بێژم:

دناڤ ژوورا گرتنێڤە.. د سەرشۆیێڤە

د تەولخانا دەوارانڤە

د بن قەید و قامچیانڤە

د بن توندییا زنجیرانڤە

ملیۆن چووچك.. ل سەر چق و تاکێن دلێ من

ئاوازا شەڕڤان دخولقینن.

*

محمود درويش/ الديوان- الاعمال الاولى (1)، تحد/ عاشق من

فلسطين ص132- 133

# ترس



چیرۆك: زەكەریا تامر

وەرگێران: عارف حیتۆ

هەر ژ دەمێ كەفتییە د بن بارێ ترسێڤە و تفەنگا خوە هێلای و ڤیای ساخ بمینیت، دزانی كو دێ لێ گەرییێن و دێ هەر بینن. ئوو هەروەسا دزانی كو دویر نینە بسماران د دەست و پی ییێن وی بقوتن و ب دژواری

بهێته ئێشاندن ژی.. دزانی کو دێ نەچار بیت، ب هەوارکی و ژکەربڤە سەرئەڤراز گازیکەت:

- تە بوچی ئەز هێلام؟

دزانی کو دویر نینە وی ب ساخی بسوژن... یان ژی ب هێواشی و ب کێرێن دەڤلۆ سەر ژێکەن و بکوژن. ئەو رۆژا وی هزر کری کو ژوورا وی یا هاتییە چواردەورانکرن، خوە دناڤ زکێ ناڤکا سێڤەکێدا ڤەشارت، ئوو دەمێ کرمەکی ئەو سێڤ دخوار.. نە چ دەنگ دکرن و نە چ ڤێژی رادهێلان. پاشی ئەو کرمە شیا سێڤێ کونکەت و ژێ دەرکەڤیت و بگەهتە ناڤ باغەکی، کرمی ل وێرێ خۆشی ب بای و تیرۆژکێن رۆژێ و گیایێ کەسك دبر، لێ خۆشیا وی دوم نەکر.. چونکو چویچکەکێ خوە لێدا و هەر دەملدەست داعویرا.. ئەڤ رەوشە گەلەك ل دلی هات، وەسا هزر دکر.. دزکێ چویچکێدا دێ شێت ژ جهەکی فرێتە جهەکێ دی..، لێ پشتی چەند رۆژهکان چویچك هاتە گرتن و دەستەسەرکرن.




(1) چیرۆکا ترس ژ کۆما (نداء نوح. چ1، 1994/ بپ155) هاتییە وەرگرتن.

(2) بارکرن بەرەف دەریایێ. چیرۆکێن هەلبژارتی یێن زەکەریا تامر. وەرگێران: عارف حیتۆ. چ1، 2004.

# ڤەگێران و وەرگر د هەلبەستێن

## عارف حیتۆی دا(1)



## ئازاد دارتاش

هەلبەستڤان عارف حیتو، د دەمەکیدا، شیعر نڤیسی، ناڤێن مینا: (عەبدولرەحمان مزوری و شێرکو پێکەس، موحسن قوچان، موئەیەد تەیب، مەحمود دەروێش و

چەندین ناڤێن دی یێن کورد و عەرەب و بیانی هەبوون). دێ کارم بێژم بیاڤا شیعری هەتا ڕادەیەکێ دیار یا قورخکری و داگیرکری بوو، د گاڤەکا وەهادا دەرکەفتنا ناڤەکێ دی کو بکاریت جهێ خۆ د نێڤ ناڤێن هەنێ دا بکەت و سەڕنجا خۆیندەڤانان ڕابکێشیت کارەکێ هێسان نییە.

عارف حیتو د دەمەکێ وەها دا تێکهەلی قادا ئەدەبی و شیعر نڤیسینێ بوو. هەتا گەنجەك ب کاریت جهێ خۆ د قادا هەنێ دا ڤەبینیت، پێدڤییە چەندین فاکتەر د کەسینییا وی دا هەبن، بەرییا هەمیان بۆیری و بەهرەیەکا راستەقینە و ئەکتیڤکرنا شانەیێن بەهرەیا هەنێ ب خۆیندن و دیڤچوون و زەنگینکرنا بیردانکێ ب پێزانینێن مەعریفی و دیرۆکی و سایکولۆژی و خۆیندنا تێکستێن ئایینی و ئەفسانەیی و سەرهەلبوون ل سەر ئەزموونێن ئەوێن دی...هتد. ب کۆرتی، هەتا کەسەك بکاریت مەرجێن سەرکەفتنێ ژ خۆ ڕا گرەنتی بکەت، ژبلی بەهرەیێ پێدڤی یە ئاستێ وی یێ

ئەپستی دگەل دانێن هەرە نوی د سەردەمیدا گۆنجیایی بن.

دەما مە تێکستا شیعری یا عارفێ حیتوی خواندی، ئەوا ل ژێر تایتلێ (چیا.. عشق دوومانە و خەون بەفر)، مە هەستکر د تێکستا هەنێ دا، مەرجێن پێدڤی تێدا د جهگیر و بەرهەڤن، کو حیتو ب کاریت ب رێیا مەرجێن هەنێ جهێ خۆ د نێڤ قادا ناڤێن بەرنیاس د شعرێدا ڤەبینیت. عارفێ حیتوی د ڤێ هەلبەستێ دا دبێژیت:

چپکێن بارانەکا نەرم و تەنا

روویێ پەنجەرا ژوورا من دقوتا

ئەزێ مژوول ب نڤیسینا نامەکێڤە، عشق ژێ بباریت

گوللەیەك ساربووی کەفتە سەر بەرپەرێ ئێکێ و

من خەونێن خوە یێن بۆری دانە دەستێ بای..

پەیڤێن نوو ترکی ژ نامەیا من یا عشقاوی وەرهان و

بوونە گلوازەك نێرگزان....(2)

هەلبەستڤانی ب وێرانە یێ هەول دای سەرەدەریێ دگەل رستەیا هەلبەستی و ب کارئانینا پەیڤ و جەڤەنگان بکەت، هەول دایە فەرهەنگەکا نەمازەیی ژ خۆ ڕا دروست بکەت، عارف حیتو ل دەستپێکێ یێ ژ مەڕا سەرهاتیەکێ ڤەدگێریت. ڤەگێران، هەر د کەڤندا هەبوویە. لێ وەکو تەکنیکەکا شیعری، ژ بەرهەمێن قوناغا پۆست مۆدێرنێتە یە. حیتویێ شاعیر ئەڤ تەکنیکە ب کارئانیە، ب زمانەکێ نیزیك ژ زمانێ گۆتارکی د پەیڤیت، لێ ب وی زمانی شیایە ریتوالەکێ رۆمانتیکی ب خۆلقینیت و ریتمەکا نێڤخۆیی د هوندرێ رستەیاندا چێ بکەت، یێ هەول دای تێپەراندنێ ل سەر دووانییا ( روودان/ کارڤەدان) بکەت، ئەو ژی د دەمێ ڤەگێرانا سەرهاتی یێدا، ڤەدگەرێتە د نێڤ خۆ دا، د چیتە دناڤ هوندرێ ناخێ خۆ دا، داکو دەربرینێ ژ جیهانەکا خەستتر بکەت، پەنا برییە بەر ب جیهانا ئاشۆپگەرایی و هژمارەکا جەڤەنگان ب کارئانینە

و ب پەیڤان وێنە پێکئانینە داکو ئاڤاهیێ تێکستێ تێندار و فرەهـ ئاماژە بکەت:

(چپکێن بارانەکا نەرم و تەنا،/ روویێ پەنجەرا ژوورا من دقوتا...).

باران. ژیانەکا نۆی ب تایبەت دەما یا نەرم بیت، د هشێ مە دا ڕامانێن وێ کویرتر دبن، یان دێ کاریت پتر ئانکویان هەمبێز بکەت، د جڤاکێ مە دا مینا گشت جڤاکێن کشتوکالی، بارانا نەرم نیشانێ خیر و بەرەکەتێ یە، بەرهەڤبوونەکا ماتریالی و چاندی د هشێ مە دا هەیە، باران بەردەوام بوونا ژیانێ یە، باران یان ئاڤ ئێکە ژ ستۆنێن سەرەکی یێن هەبوونێ. پاشان فوکسێن خۆ ڤەدگوهێزیت، دیمەنەکێ نیشا مە ددەت، ڤەگۆهازتنەکێ ئەنجام ددەت (ئەزێ مژوول ب نڤیسینا نامەکێڤە عشق ژێ بباریت...) دگەل ئەڤێ رستەیێ بیاڤەکا شیعری د بۆنیاتێ ئاڤاهییا دەقیدا دروست دکەت، ل ڤێرێ تێکهەلیەکێ یان هەڤجوتیەکێ دناڤبەرا تەکنیکا نڤیسینا چیرۆکێ و هەلبەستێ دا دکەت، ژبۆی

ب ڤێ دەروازەیا هونەری بچیتە دناڤ هوندرێ گەردوون و جیهانا خۆ یا نەمازەیی دا، ژبۆی ئەنجامدانا ڤێ چەندێ ژی پەنای بەر ب ئاشۆپێڤە دبەت، دەربارەی رۆلێ ئاشۆپگەرایی و وێنەیێ شیعری، د. عبدالسلام المساوی دبێژیت: (دێ کارین بێژین، وێنەیێ شیعری ب شێوەیەکێ گشتی، گەشتەکە د جیهانا ئاشۆپگەرایێ دا، ئەڤ گەشتە دبیتە چێکەرا بەرهەمئینانا ئاماژەیێن زوهنی(3). عارف ل ڤێرێ د خوازیت دەربرینێ ژ وان تشتێن ڤەشارتی یێن دناڤ ناخێ وی دا هەین بکەت، ئەو تشتێ بەرهەست بکەتە وێنەیێن هونەری و ئاماژە یێن هشی، لەوما پەنای بەر ب ئاشۆپێڤە دبەت، ژبۆی دونیا یا خۆ یا نەمازەیی ب خولقینیت و ب کاریت دیدا خوە یا زوهنی ب ئاوایەکێ شیعری و ب زمانەکێ ئاماژەیی دابرێژیت.

دەما هەلبەستڤان کار دکەت ژبۆی ئەو جیهانا بەرهەست ب هەلوەشینیت و جارەکا دی د هشێ وەرگری دا جهگیر بکەت و رستەیا کەهی و زمانێ

ڤەگێرانێ تێك بدەت، ئەو ئەنقەست و ل پەی مەرجێن هەلبەستیبوونێ وی کاری دکەت، لێ مەبەستا وی ئەو نییە، یاریەکا بێهودەیی ب پەیڤان بکەت، ئەو ناخوازیت دیمەنەکێ مژدار دروست ببیت، لێ ئەو مژداری ژ ئەنجامێ ڤارێبوون و لادانێ دروست دبیت.

شیعر ب سەرەدەریکرن دگەل زمانی شۆناسێ خۆ وەردگریت، ل ڤێرێ مژداری دبیتە دەرئەنجام، چونکو ب ئالاڤێن هەنێ تێکست پوەتیکا بوونێ هەمبێز دکەت و تێکستا شیعری بەردەوام جۆرەکێ مژدارییێ تێدا هەیە، هەلبەستڤان ژبۆی دەربڕینا هەلوێست و دید و نێرینێن خوە ب زمانەکێ شیعری د نڤیسیت و زمانێ شیعری زمانەکێ پرە ژ مێتافور وخوازە و لادان و ڤارێبوونان، زمانەکێ خەست د پەیڤیت، د وی دەمی دا جۆرەکێ مژدارییێ تێدا دیار دبیت، لێ ئەڤ مژداری یا هەنێ ب ئەنقەست ناهێتە چێکرن، بەلکو چەندین سەدەم ل پشت هەنە، ل ڤێرێ مژداری تەرەفەکا بورژوازی نییە وەکو کۆمەنیست دبێژن، بەلکو

دەرئەنجامێ دەرکەفتنێ یە، د بیاڤا چاڤلێکرنێ دا، دەرئەنجامێ ب کارئانینا زمانی یە ب شێوازەك دی، دەرهاڤێژتەیا گاڤا تێپەراندنێ یە، ب بکارئینانا سومبۆلێن دیرۆکی و ئەفسانەیی و دەرئینانا پەیڤێ ل فەرهەنگا سنۆردایی یا ئەم ل سەر ڕاهاتین، زمان و جەڤەنگێن نوی بەرهەم هاتینە و شیایە یێن کەهی ل ڕامانێن بەرێ ڤالا بکەت و ب هندەك ئانکوییێن نوی بار بکەت، ئەڤ کارە وەکو مەرجێن هەلبەستیبوونێ، پێدڤی یە ب هێنە خۆلقاندن، هەلبەت وەرگرێ ڕاهاتی ل سەر تێکستێن گۆتارێن راستەوخۆ و تێکستێن ڕاپۆرتی دێ هەڤریشی هنگافتنان بیت.

ب هەبوونا مەرجێن هەنێ تێکست دێ کاریت هەر و هەر ڕاڤەیان هەمبێز بکەت، لەوما ئەم هەمی خوێندەڤان ل سەر ئێك خویندن رێك ناکەڤین، بەلکو هەر خوێندەڤانەك دێ کاریت خویندنەکێ یان چەند خویندنان دڤان رستەیێن هەلبەستی دا بکەت و دێ مینیت تێکستەکا زیندی.

ڕاسته ل پشت هەر رستەیەکا شیعری تێزەکا هزری هەیە، لێ شیعر ب هزران دروست نابیت، بەلێ پرۆژەکتەکێ هزری ستووینا دوویانە د هەر کارەکێ هونەری دا، لێ ستووینەکا ڤەشارتی یە، ستووینا ئێکان زمان و پەیڤن، ژ ئالیێ ناڤەرۆکی ڤە، حیتویێ شاعیر یێ دەربرینێ ژ مژارەکێ دکەت، یێ ل جیهانا خۆ یا نەمازەیی و رێژەیی بەر ب جیهانا گشتی یا رەها دچیت، گرنگی ب هەر دوو جیهانا دایە، نەهێلایە ئێك یا دی پەراوێز بکەت، بەلکو دیار کریە کو هەر دوو جەمسەر ل هەڤ دوو ناهێنە جودا کرن.

*

(1) ئەڤ گۆتارە پشکەکە ژ ڤەکۆلینەکا درێژ د کتێبا (چەند دیاردە د هەلبەستا نوویا کوردیدا، چ1؛ 2019)دا.

(2) ژ دیوانا (سترانێن پەلا، بەرگێ دووەم/ عارف حیتۆ). ل10.

(3) جماليات الموت في شعر محمود درويش، د. عبدالسلام المساوي، صحيفة الاتحاد، ٢٠٠٨\١٢\١٩.



# Awezan Nury

# ئاوێزان نوری

تۆ کە هەموو ئێوارانێک بە پارویەک ژیان و
باوەشێک نیشتیمان و پێکێک شەرابی ڕۆژگار،
سەرت مەست دەکەیت
دواتر تۆزی بێ ئومێدی دەتەکێنی و
مشتێک خەندە دەخەیتە گیرفانەکانت و نزا دەکەیت
ڕێگەی ماڵەکەت ون نەکەیت
تا بێیتەوە بڵێی ئۆخەی ئەمڕۆش بێ منەت ژیام
بەڵام تا دەگەیتەوە من
بە مەراقی تەنیایی و حەسرەتی گەڕانەوەت
پێکێک توڕەیی هەڵدەدەم
بەجۆرێک دەڕژێم خۆمم بۆ کۆناکرێتەوە
بەجۆرێک دەمرم کەس نیە بمشارێتەوە
لەگەڵ کاتژمێرە هەڵواسراوەکەدا،
مۆڕە لەیەک دەکەین و
گرەو دەکەین،
دڵی من خێراتر لێدەدات،
یانیش چرکەکانی ئەو
من زیاتر بەدەوری خۆمدا دەخولێمەوە،
یانیش میلەکانی ئەو؟

که بیری منداڵیت دەکەیت و تامەزرۆ دەبیت سەردانی سەرجەم ئەو شوێنانە بکەیت کە لە منداڵیدا تێیدا ژیاوی، هەموو ئەو کەسانە بدۆزیتەوە کە هاوڕێی منداڵیت بوون، بەڵام دەبینی شوێنەکان، کەسەکان، خانوەکان، ڕێگاکان، هیچیان وەکو خۆیان نەماون، دڵگران دەبیت و هەست دەکەیت سەرجەم یادگاریەکانت شێوێنراوەو دەستکاری منداڵیت کراوە.

Awezan Nury





هێندە ڕەنجاوم،
نە دڵێکم ماوە بۆ خۆشویستن و
نە خەونێک بۆ تەفسیرکردن
تەنها جانتایەکی سەفەرو جوتێک پێڵاو
تەواوی ئەم وەرزە ساردەی پێ تەی دەکەم
ئیدی لێرەوە
ئاوازێکی شکاوی دەم گیتارێکی بێ خەوش و
گۆرانیەکی خەمناکی گەرووی تیتروواسکەیەکم
دووایین ماڵئاوایی دەکەم
وشەکانم دەسپێرم
بە قەڵەمیکی نوک تیژ و
با لەدوای خۆم بە حونجەوە

بۆشاییەکانم بۆ پڕکاتەوە و
نوقتە لە کۆتایی حەزە بێ نازەکانم دابنێ و
هەنگاوە لەبارچووەکانم خەتبدا
ئیدی لێرەوە دەفرێکم لە جودایی و
تروسکایی هیچ ئومێدێکم نەماوە
چم داوا نەکرد جگە لەوەی
هێندەی زەردەپەڕێک تێڕامان
هێندەی تابلۆیەک ڕەنگ و
هێندەی گوڵێک خەندەو
هێندەی پەپولەیەک فڕینم پێببەخشی
ئێستا کە ڕۆیشتم
هەموو هەورەکانی ئاسمانم بۆ بگرییێنی
بەشی ئاوڕدانەوەیەکم ناکەن
هەموو دونیام بۆ بژەنی
ئاوازێک نامهێنێتەوە سەما؟



[Pshko Xaldani](#)

🔻تاچەند توانیوتە بەحەق شیعری ژنانە بنووسیت بەزمانی پیاو نەنووسی، یاخوود تاچەند شیعرەکانت هەڵگری پەیامی ژنانە بووەو ئازارو مەینەتییەکانی ژنیان لەخۆگرتووە ؟

🔷ئاوێزان: ئەگەرچی شیعر بۆ شیعر دەنوسرێ و هەڵگری ڕەگەزنیە بەڵکو شعورو ئیحساسی مرۆڤە کە بەوشە هەوڵ بۆ جوانکردنی واقع و بەگۆهێنانی زمانە شاراوەکان دەدات، بەڵام بە بڕوای من ئەدەبی ژن و شیعری ژن جیاوازی خۆی بەیان دەکات چونکە ڕوانینی قوڵ و وردبینی زیاترەو واقعیترە، وەکو ئەوەی بیەوێ بە کامێرایەک لە سوچێکی ژورەکەدا وێنەی تەواوی کەرەستەکانی نێو ژورەکە بگرێت، ئەوەشی دەقی شیعری منی خوێندبێتەوە هەستی بەزمانی ناوەوەی ژنانەی کردووەو دەشزانێ کە کاریگەری ئازارو مەینەتی ژنان لە دەقەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەشی گوێی لە ئەدای دەنگم بوبێت لە شیعر خوێندنەوەدا تێدەگا کە چەند برینی ژنانە بەجەستەو ڕوحمەوە هەن.



جەنجاڵم
بە چنینەوەی خەمی ئەوان
بە چڕینی گۆرانیەکانی بەدبەختی
بە ئەژمارکردنی کشانی ئەستێرەکان
بە تۆ
بە کتێبخانە تۆزلێنیشتوەکەم
بە گەمەی نێو موبایلەکەم
بە بۆیەکردنی تاڵە سپیەکانی پرچم
بەشەڕکردن لەگەڵ خۆمی نێو ئاوێنەکەم و پێی دەڵێم:
چی پەلەتە بۆ پیربوون؟
خودایە
جەنجاڵی ژیان پڕی کردم لە شوشەی شکاو
بۆ کۆکردنەوەو پینەکردنی هەر پارچەیەکم
پەنجەکانم خوێنی بێ هودەییان لێ دەچۆڕێ و
ئیحساسم دیسانەوە بریندار دەبێ.

 

تکایە هێندە ساویلکە بیرمەکەنەوە و ڕەوشت و ئەخلاق بە نیمچەڕوت و باڵاپۆشی پێوەرمەکەن.
ئەخلاق پەیوەستە بە ئاکار و مێشک و بیرکردنەوەی کەسەکە خۆی نەک جلوبەرگەکەی..
علمانیەکان دژی باڵاپۆش و ئیسلامیەکان دژی ئەوان، کەسیان ئەوی دیکەیان قبوڵ نیە و باسی ئاشتەوایی دەکەن لەبیروباوەڕ و کتابی پیرۆز.
دواتر ئەوەی ڕودەدا بەبەرنامەیە و وڵات بەرەو ئاقارێکی خراپ بەڕێ دەخەن، لەلایەک ڕەواجی ڕوتکردنەوە و لایەکی دیکە ڕەواجی باڵاپۆشی، هەمووشی سیاسەتێکە و دوو جۆرە فیکر شەڕی لەسەر دەکەن، لێگەڕێن تاک ئازادبێت چی ئیختیار دەکات، بەکاری مەهێنن بۆ جەنگێگی بێ مانا.
ئەگەر ڕوتبونەوە بێ ئەخلاقی بێت، ئەم هەموو عالەمە ڕوو لە ئەوروپا و ئەمریکا ناکات بۆ دەستەربەرکرنی ژیانێکی ئارامتر و باشتر، ئەگەر باڵاپۆشی پێوەرە بۆ ئەخلاقی جوان، زۆرترین کێشە و فاحشەو جۆرەکانی توندوتیژی لەو وڵاتانی ئێران و سعودیا و ئەفغانستان و ..... هتد ڕوینەدەدا، بۆیە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە هێندە سەرقاڵ مەکەن بەشتی لاوەکی و بێ مانا.



## تۆ ڕاستت وت ئازیز

**هەموو نەغمەکان ئارام بەخش نین، هەندێکیان پڕن لە لەرینەوەی ژێی ئازاری ڕابردوو، پڕن لە نۆتەی خنکاو، وەکو چۆن هەموو گۆرانیەک ناتهێنێتە سەما، زۆرینەیان پڕن لە خەمی شکاو، هەموو زەردەپەڕی ئێوارانیش ناتهێننە تێڕامان، زۆربەی ئێوارەکان ئاسمان خەمناکە.**
**منیش وەکو تۆ دەست بەسەرەتایەکی نوێ دەکەم، دوور لەهاواری کتێب و گاڵتەجاڕی تەلەفزیۆن و درۆی نێو مەسج و موبایلەکان، دوور لە درۆی سیاسەت و ڤایرۆسی بازرگانەکان، دەمەوێ هەناسە بدەم، تۆزقاڵێک لەخەمی خۆمدا ژیان بکەم، دەی ئیدی بەسە ئەم هەموو هەناسە قوڵانەی لەناخمەوە دەیان حەزی درکاندنی دەکوشت و دەهاتنە دەرێ، دەی ئیدی بەسە بەهەدەردانی ئەم هەموو فرمێسکانەی لەچاومدا دەبونە کانیەکی تەقیو، دەی من بڕیارم دابوو لەگەڵ هەڵوەرینی گەڵای پایز خەمەکانم هێدی هێدی هەڵوەرێنم، ئێستا پێویستە ئازابم دوواهەمین گەڵا بوەرێنم و چرۆی نوێ دەربهێنم.**

# فیراق



عومەر سەیدە

بە (ئاوێزان نوری) پێشکەشە

کەس نایات دەرگای نائومێدیم لەسەر دابخات
کەس نیە هەرا بخاتە نێو ماڵی تەنیاییمەوە
گۆرانییەك نایاتە بەر پەنجەرەی بیرکردنەوەکانم
چیرۆکێك نابێتە هاودەنگی خەیاڵە بێدەنگەکانم
رەیحانەیەك لە حەوشەکەم ناڕوێت
گوڵێك رەنگی ناڕژێنێتە چاومەوە
عیشقێك پێ ناخاتە شاری دڵمەوە
دوودڵی دیاری ئاسمانە و
یەقینم گۆڕیوەتەوە بە گومانێکی قەترانی
دەفی یەئسم دەنگی دێت و
موریدی تەریقەتی گریانم

دۆڕانم عیشقەو هیوام پڕە لە دڵشکان
ئاوێنەی تەمەنم تەمێکی شوومی لێنیشتوە
پێك لە دوای پێك
مەستییەکانم دەدەمەوە دەستی هۆشیاریی
خەونەکانم سپارد بەباڵی نەورەسێك و
ساڵانێکە لە هیچ کەنارێکەوە هەواڵێکی نیە
دەریاکانی بوونم گۆڕییەوە
بە دڵۆپێك هیوای بێ ئایندە
لە یەکەمین وێستگەی نەبووندا
چاوەڕوانی شەمەندەفەری بەختم
کە شەوێکی سەرخۆش شك نەبم
هەسارەی خۆشبەختی لە کوێوە هەڵبێت؟
بە گریان ئایندەم تەڕ مەکە
کە دڵم ئۆقیانووسێکە لە حەسرەت
وەرەو شوشەی چاوەڕوانیم وردو خاش بکە
دڵم لەم سوباتە دەربێنە
تەهلیلەی ویساڵ بخوێنە لە گوێم
زەنگێکم بۆ بدەو
خانەقای مەرگم بە ماچێك سەوز بکەوە
هەنسکەکانم بە تەنافی ئاهەکانمەوە وشك بوونەوە
سەڵاوێکت نەشئە دەداتە چرکەکانم
رۆژمێرم لە یەکەمین سەڵاوی تۆوە دەستی پێکرد

وەرەو نیو پیاڵە چام لەگەڵ بخۆرەوە دیسان
با کانی عیشقم پڕ بێتەوە لە وردە شەپۆلی هیوا
پاشماوەی وێرانەی دڵئێشانێك بووم
نیگایەکت باخچەی تەمەنمی پڕ کردەوە لە گوڵ
ساڵانێکە نیگام بە چیایەکەوە گیرساوە
نەمدەزانی سەرکەشی ئەو لە بڵندی تۆ دەچێت
ئێوارەیەك نوقمی تۆ بووم و
روبارێك گەیاندمییە نزیکی خوڕەی تێڕامان
حیکایەتی تاجەگوڵینەو
سەرگوزشتەی ناز نازەکانی تۆی بۆ گێڕامەوە
باسی هەنارەکانی تامەزرۆیی بۆ کردم و
باسی ئەو رۆژانەی بۆ کردم
لەگەڵ چۆلەکە شەڕانییەکاندا
سێبەری دارتووی حەوشەکەمان دابەش دەکردو
رۆژگار بە خەمی نیشتمانەوە تای لێهاتبوو
چاوی دێڕەکانمان مەستتر دەبوون بە گریانی منداڵەکان
پڕ دەبووین لە هیوا و ماڵی ئایندەمان خاپور بوو
پڕ دەبووین لە ماچ و دەرگای گریانمان واڵا بوو
پڕ دەبووین لە یەك و بەیانییەك فیراق دەستی منی گرت و
تۆی سپارد بە چاوەڕوانی و منیش بە غوربەت

**15.06.2011**



# Azad Berzinji

# ئازاد بەرزنجی



## جوبران خەلیل جوبران

واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی جلوبەرگێک دەپۆشێت، کە خۆی دروستی ناکات و نانێک دەخوات، کە لە خەلە و خەرمانی خۆی نییە و بادەیەک دەخواتەوە، کە دروستکراوی خۆی نییە.
واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی ملهوڕ دەکات بە قارەمان و داگیرکەری بەباقوبریق بە بەخشندە دەزانێت .
واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی لە خەونەکانیدا، ڕقی لە حەز و ئارەزوو دەبێتەوە، کەچی لە بێداریدا، ڕادەستی دەبێت .
واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی کە لە بەڕێکردنی تەرمدا نەبێت، دەنگی بەرز ناکاتەوە و تەنها بە وێرانییەکانی خۆیەوە دەنازێت و ناڕەزایی نانوێنێت، ئەو کاتە نەبێت کە گەردنی دەکەوێتە نێوان شمشێر و سەکۆی ملپەڕاندنەوە.

واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی کە حوکمڕانەکەی ڕێوییە و فەیلەسووفەکەی جادووگەرە و هونەرەکەی، پینەوپەڕۆکردن و لاساییکردنەوەیە.
واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی بە دەهۆڵ و زوڕنا پێشوازی لە حوکمڕانە تازەکەی دەکات و بە هووهاکێشان ماڵئاوایی لێ دەکات و دیسانەوە بە دەهۆڵ و زوڕناوە پێشوازی لە حوکمڕانێکی تازەی تر دەکات.
واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی بە تێپەڕینی ساڵ، داناکانی لاڵ دەبن و مرۆڤە بەهێزەکانیشی، هێشتا لە لانکدان.
واوەیلا بۆ ئەو میللەتەی بەسەر چەندان حیزبدا دابەش بووە و هەر حیزبێکیش خۆی بە میللەتێک دەزانێت.

# "بێ چاوی من"

لۆرکا



گیانەکەم
تۆ بێ چاوی من
ناتوانی ئەو جوانییەی مانگ بەدی بکەی
بێ لێوی من
ناتوانی تامی شەراب و ماچیش بکەی
بێ دڵی من تۆ مردوویەکی و هیچیتر
کاتێ وشەکان گیانیاندا
قووڵایی ئاوێنەکانت بەهایان چی ئەبێ ئیتر؟

## شەمسی تەورێزی

لـــــە غـــەمت بـــۆتــە ماڵی سەودا دڵم
بــەدوای تــۆدا چـــۆتە هـــەموو لا دڵم
بەشوێن زوهرە ڕوخساری مانـــگی تـــۆدا
نــیـگای بــەرز، ئــەڕوانـێـتە بــاڵا دڵم
بــوومە فــەرشی غەمی و لە بەختی خۆما
ڕۆیـــی بـــەســـەر سـەقفی موسەففا دڵم
ئاخ ئەمڕۆ ئەم دڵەی من چیی بەسەر هات
دوێـشەو کــەسێ چیی گــوتـبێ بە دڵم
بەدوای گــەوهەری جوان و ڕوونی عیشقا
شـــەپــۆل ئــەدا هـــەروەکو دەریا دڵم
وا ڕۆژ بــۆوە و چـــادری شــەو ئەدڕێنێ
بەدوای ئـــەو عـــەیشە و تەماشادا دڵم
لە دڵما زۆر شت هــەن دەربـــــرەی دڵت
چ ڕێـیــەکــە لـــە دڵـتـەوە تــا دڵم
ئەگـــەر ڕەحــمێ نەکەی ئەتۆ بە دڵم
وای لە دڵــم، وای لە دڵــم، وای دڵـــم
تەورێز لـــە تــاسەی شەمسی دینا ئاخۆ
چەند ڕێ ئــەبــڕێ بـەرەو سورەییا دڵم؟



## چەند وتەیەکی حەکیم و فەیلەسووفی چینی

# "کۆنفۆشیۆس"

(٥٥١ پ.ز-٤٧٩پ.ز)

_گەورەیی لەوەدا نییە کە هەرگیز نەکەویت، گەورەیی لەوەدایە کە کەوتیت، هەڵسیتەوە.

_چەند باوەڕت وا بێت کە سەرقاڵیت، هەر دەبێ کاتێک بۆ خوێندنەوە بدۆزیتەوە. ئەگینا برۆ خۆت ڕادەستی ئەو جەهلە بکە کە فەوتاندووتی.

_مرۆڤ کاتێک پەی بە زانین دەبات کە فێر بوو بیر بکاتەوە.

_پاشگەز نەبوونەوە لە هەڵە، هەڵەیەکی گەورەترە

_من ئەوە خەمبارم ناکات کە خەڵک نەمناسێت، بەڵکو ئەوە خەمبارم دەکات کە خەڵک نەناسم.

_زۆر کەس بەختەوەری لە ژوور مرۆڤەوە دەبینن، زۆری تریش هەن کە لە خواروو مرۆڤەوە دەیبینن، بەڵام بەختەوەری بەقەدەر باڵای مرۆڤ خۆیەتی.

_ بۆ مێشوولە کوشتن تۆپ بەکارمەهێنە.

_لێکۆڵینەوە لە ڕابردوو گرنگە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ پلان بۆ داهاتوو دابنێت.

_لەبری ئەوەی نەفرەت لە تاریکی بکەیت، چاکتر وایە مۆمێک دابگیرسێنیت.

_گەر ویستت ڕادەی پێشکەوتنی میللەتێک بزانیت و لە ئاستی شارستانێتی و هوشیاریی تێبگەیت، گوێ لە مۆسیقاکەی بگرە.

_مرۆڤ سێ ناوی هەیە: ئەو ناوەی بە میراتی بۆی دەمێنێتەوە، ئەو ناوەی دایک و باوکی لێی دەنێن و ئەو ناوەی کە خۆی بۆ خۆی دروستی دەکات.

_ئەگەر سەرکردە باش بێت، کەس ناوێرێت گەندەڵی بکات.

_زانینی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ ڕادەی جەهلی خۆی بزانێت.

_ڕەندی(واتە فەزیڵەت) ئەوەیە کە ئەوەی بۆ خۆتی بە پەسەند نازانیت، بۆ خەڵکیشی بە پەسەند نەزانیت.

_هەموو شتێک جوانیی خۆی هەیە، بەڵام هەموو چاوێک نایبینێت.

_مرۆڤی مەزن لە قسەکردندا هێمنە، بەڵام لە کارەکانیدا چالاک و خێرایە.

_مرۆڤی مەزن هەڵوەدای"هەق"ە و مرۆڤی سووک هەڵوەدای"بەرژەوەندی

_من ڕقم لەو کەسانەیە کە فڕوفێڵ بە حیکمەت و خۆدزینەوە لە ئەرک بە ئازایەتی و هەڵەوەڕیش بە هەقیقەت دەزانن.

_تەماشاکردنی ستەمکاران و گوێ شلکردن بۆ قسەکانیان سەرەتای ستەمکارییە.

_ئەرکی حکومەت بەتەنها باشترکردنی هەلومەرجەکانی گوزەران و حەسانەوەی خەڵک نییە، بەڵکو پێویستە کامەرانیشیان بۆ دابین بکات.

_ئێمە کە تا ئێستا نازانین ژیان چییە، ئیتر چۆن بزانین مردن چییە؟

_جارێکیان لە کۆنفۆشیۆس دەپرسن: ئەرکەکانی حکومەت چین؟ لە وەڵامدا دەڵێت: دابینکردنی خۆراک و تفاقی سەربازی و متمانەی میللەت بە حکومەت، لێی دەپرسن: کامیان لە هەموویان گرنگترە؟ دەڵێت: دەکرێ حکومەت دەسبەرداری تفاقی سەربازی بێت و تەنانەت خۆراکیش، چونکە مردن شتێکە هەر ڕوودەدات، بەڵام هیچ حکومەتێک لەسەرپێی خۆی ناوەستێت گەر متمانەی میللەتەکەی لە دەست بدات".

# خەونێک لەناو خەونێکدا



# ئێدگار ئالن پۆ

وەرە با ماچێکی هەنیەت کەم
ئێستاش.. لەم ساتی دابڕانەدا لێگەڕێ
با دان بنێم بە ڕاستییەکا
تۆ هەڵە نیت کاتێ ئەڵێی:
ژیانی من هەر خەونێ بووە و هیچی دی
بەڵام کە هیوا نەماوە و دوور فڕیوە
لە شەوا بووبێ یاخود ڕۆژ
لە خەونا یان بێدارییا
ئاخۆ کەمی لێ ڕۆییوە؟
چی هەیە و نییە لەم ژیانە
خەونێکە و وا لەناو خەونێکی ترا پەنهانە
من ئێستاکە لەناوجەرگەی هاژە و
نەڕەی کەنار دەریایێ وەستاوم
ئازارچەشتوو بەدەست شەپۆلەکانیەوە

چنگێ ملی ئاڵتوونییش لەناو دەستمایە
ئەگەر چی کەمیشە،
کەچی وردە وردە لە درزی پەنجەکانمەوە
ئەڕژێنە خوار بەرەو نەمان
لە کاتێکا قوڕگیشم پڕە لە گریان
ئاخ خودایە ..
بۆ ناتوانم توندتر دەستم بنووقێنم تا نەهێڵم..
ئەو ملە کەمەم لێ بڕژێ؟
ئاخ خودایە ..بۆ ناتوانم دەنکە ملێ لەو ملانە ڕزگار بکەم
لە دەست شەپۆلی دڵڕەقی ئەم دەریایە؟
ئاخۆ هەرچی هەیە و نییە لەم ژیانە
هەر خەونێکە و لە خەونێ ترا پەنهانە؟

# نیچە زەردەشت وەها دووا



لە چارەنووسی مرۆڤایەتیدا هیچ بەدبەختییەک هێندەی ئەو بەدبەختییە سەخت نییە کە دەسەڵاتدارانی سەر زەوی یەکەمین و باشترینەکانی خەڵک نەبن، چونکە ئیتر هەموو شتێک دەبێت بە ساختە و درۆ و خواروخێچی و ترسناکی . کاتێ دەسەڵاتداران لە دواهەمین و نزمترین کەسەکان پێکدێن و زیاتر لە چوارپێ دەچن نەک مرۆڤ، هەنگینێ تا بێت بەهای هەرچی و پەرچییان باڵادەست و باڵادەستتر دەبێت، تا دواجار ڕەندیی هەرچی و پەرچییان دێتە دوو و دەڵێت:"بڕوانن! هەر من تاقە ڕەندیم

**سەرنج:**

**_لە لاپەڕە (89)وە تا ئێرە، هەموو کار و تەرجەمەکان هی "ئازاد بەرزنجی"یە، ئەوە سەرنجێکە بۆ ئەوانەی لە سیستەمی گۆڤارەکە نازانن.**



# Jalal Barzanji

# جەلال بەرزنجی



ئەو جارە گەورەش ببمەوە
هەتا ئێوارە شەڕ هەڵگیرسێت
چی دەبینێت با ببێت.
لە باخچەی پشتەوەی
ماڵەوەمان زیاتر ناڕۆم.

"لە پڕۆسێسی خولقاندنی ماڵەکی نوێ، پێویست ناکات، کەسەکە دەستبەرداری، ڕەگو ڕیشەی، یادەوەری، منداڵی و کلتوری خۆی بێت، لە جیاتی دەتوانێت، بۆ کوێ بچێت، ناسنامەکەی لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت و لە ماڵی نوێت، لەگەڵ ئەوانی تر، بەشی بکەیت".





**تاراوگە ڕێگای گەڕانەوەی نییە**
**وا پێدەچێت زیاتر لە تاراوگە بم؛**
**ئەوانەی بۆم دەمێننەوە،**
**یادەوەری پچڕ پچڕ،**
**گەشتەکانی،**
**ناو کات و**
**ئەزموونی جۆرەها ژیانە.**
**بەڵام هەتا ئەو ڕۆژەی**
**دەمبەنە گۆڕستانی کۆچبەران،**
**گوێ لەوانە دەگرم**
**کە چیرۆکی لە دەستدانی ماڵ، دەگێڕنەوە.**

# باشترین کتێبی ساڵ




**پیاوە بێجامە شینەکە، یادەوەریمە لە زیندانی ژێر سەدام، لە فۆڕمی ڕۆمان، وەک لەو دیمەنەی لە گەورەترین کتێبفرۆشی ئەمریکای باکوورChapters دیارە، لەگەڵ کتێبی چەند نووسەرەکی جیهانی وەک، مارک توین و ستیڤ گۆپسی ئەپڵ ... Appleباشترین کتێبی ساڵی بوون.**




**وشەکانی پار بەشێکن لە زمانی پار،**
**وشەکانی ساڵی داهاتوو**
**چاوەڕانی دەنگیتر دەکەن.**

**ت.س. ئەلیوت T.S. Eliot**



و:جەلال بەرزنجی

ئەمریکا داوای لە سەرکردەی (ئەپاچی، نێتیڤەکان) جرۆنیمو کە بە ئەفسانەی ئەمریکا ناسراوە، دەکات، خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام جرۆنیمۆ ئەو داوایە رەتدەکاتەوە و لە ئەریزۆنا، لە دژی ئە مریکا و مەکسیک درێژە بە بەرگری کردن لە داگیر کردنی خاکەکایان دەدات و ئەوەش وەڵامی ئەو دەبێت بۆ سپی پێستەکانی ئەمەریکا:

لەو هەموو خاکە
شوێن بۆ "ئەباچی" نییە
سپی بۆ ئەو هەموو خاکەی دەوێت؟
زۆربەی خەڵکەکەم دەیانەوێت
خۆیان بە دەستەوە بدەن.
کە لاو بووم،
سپی هاتن داوای خاکیان لێ کردین
سەرباز هاتن گوندەکامانیان سووتاند
چووینە چیا
کە خواردنیان لێ بڕین
دڕکمان خوارد
کە منداڵەکانیان کوشتین،
هی ترمان بوون
چەندەی پێمان کرا سپیمان کوشتن
خۆمان راگرت و شەڕمان کرد
بەڵام هەرگیز ناوەوەی خۆمان بە دەستەوە نەدا.

# کۆتایەکی غەمبار




**شیعر: جەلال بەرزنجی**

**بۆمبەک،**
**ئەو بانەی،**
**پێش من،**
**چەتری باوکم بوو،**
**تەختی کرد.**

**درەختی حەوشە،**
**کە نەمام بوو،**
**وەک ئەوەی منداڵی من بێت**
**دەمگرت،**

**تا خۆی بگرێت**
**سووتا.**
**گۆرستان،**
**گەڕەکێک بوو،**
**لە شار**
**سەد ساڵ دەبوو،**
**باپیرم،**
**لەوێندەربوو،**
**خاپوورە.**

**منیش، بەو هەموو خەمەوە**
**لە ژێر چادر،**
**کۆتایم هات...**



# ئەفۆریزم

ئەفۆریزم :جەلال بەرزنجی

هەڵبژاردنی: زانا خەلیل

یادەوەری بۆ ئەوانەی
هەست بەماڵەوە دەکەن دەرمانە
منیش شەوان موعتادی ئەو دەرمانەم.

•

بە هیوای گەڕانەوە دەچمە ناو جێگا
بەڵام بەیانی دیسان هیچ روونادات.

•

دەمەوێ بڕۆم
بەڵام دەترسم
نیشتمان بڵێ:
لەسەر سینەم گڕوگاڵی کرد
خەمی من کردیان بە شاعیر
بێ وەفا بوو.. بە جێیهێشتم.
•

پێویست ناکات رێنشاندەر
یاخود نەخشەی رێگام هەبێت..
بۆنی خاک بە سەلامەتی
هەتا ماڵەوەم دەبات.
•

لە مانگی گوڵان
هەرهێندە دەبینی
دەریاچەکەی پشت ماڵمان
پڕی سەری و قەراغی
قاز و قولینگ دەبن
بەخیلی بە ساکاری ژیانیان دەبەم.
•

لە پێغمبەرەکان گەڕێ
خودامان یەکە
بەڵام  نازانم بۆ تۆ
بوویت بە تیرۆرست  و
منیش بە شاعیر؟
•

چواردە ساڵە لێرەم و لێرەش نیم
بەوەی باشم
لە کوێندەربم ژیانیش لەوێندەرە.
•

حەوت رۆژە دەمەوێ بڕۆم
بەڵام دەترسم دایکم لە دوای من بڵێ:
بە شیری مەمکم بە خێوم کرد
نمەک حەرام بوو.. بە جێیهێشتم.
•

من لەناو سرووشت گەورەبووم
ژیان لەوێندەر لەو دنیایەی
مرۆڤ درووستی دەکات خۆشترە.
•

کەدەچمەوەماڵێ
هەولێرێ
خەیاڵم
پێش من
لە ئاسمانە.
•

شوێن گۆڕین گرفت نییە
ئەگەر خۆت بیت.
•

وەک باڵندەیێک
لەناو بازنەیەک بێت
ئەم چڵ و ئەوچڵ دەکەم
دەمەوێت ئاسمانی خۆم هەبێت، بفڕم.
•



# کەریم دەشتی

# مردن بە ئاو



**ت  ئێس ئیلیەت**
**و: کەریم دەشتی**

**فیلیباسی فینیقی**
**کە دوو هەفتەیە مردووە**
**ئێستێکە زەنای نەوڕەسەکان و**
**شەپۆلەکانی دەریای قووڵ و**
**سوود و زیانی بیرچۆتەوە**
**تەوژمێك لە ژێر دەریا**
**ئێسك و پرووسکی بە چرپەیێ هەڵگرتەوە**
**کە بەرز بۆوە و کەوتە خوارەوە**
**بە قۆناخی پیریی و گەنجێتی خۆیدا تێپەڕیوەو**

چۆتە ناو گێژەنەوە
هێی تۆ ئەی ئەو کەسەی
سوکانت گرتووە و سەیری ئاقاری با دەکەی
وەسەنی بیت یا جوو
فیلیباست لە بیر بێت
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان
ئەویش وەك تۆ باڵابەرز و تولاز بوو.

# ئۆفیلیا



شیعری رامبۆ
وەرگێڕانی کەریم دەشتی

ئۆفیلیا یەکێ لە کاراکتەرە سەرەکیەکانی شانۆگەریی هاملێتی شەکسپیرە، لە سەرەتای شانۆگەرییەکە ئۆفیلیا وەک پاکیزەیەک دەردەکەوێ، بەناو سروشتا رێدەکاو گۆرانی دەڵێت، بەڵام باوکی بڕیار دەدا کە جوانییەکانی ئەو بۆ گەمەکردن بە هاملیت بە کار بهێنێ ، بۆیە ئۆفیلیا دەکەوێتە عەشقی هاملێتەوە، پاشان ئۆفیلیا دەزانێ کە هاملیت باوکی کوشتووە،تووشی ئازارێکی زۆر دەبێت لە میانی خۆشەویستی خۆی بۆ هاملیت و خەمەکانی بۆ باوکی و لە پەل و پۆ دەکەوێ و هیچی پێ ناکرێ، بۆیە دەبێتە قوربانی شێتی و

بڕیار دەدا کە خۆی بکوژێ لە ڕێگەی خۆ غەرق کردن لە ئاودا، تاوەکو ئێستاش ئوفیلیا سەرچاوەی چەندین کاری هونەری و شیعری و درامی گۆرانییە، هەربۆیەش رامبو وەکو سیمبۆلێکی جوانی و قوربانی کاری لەسەر کردووەو ئەم شیعرەی داڕشتووە.

## I

لە نێو شەپۆلی ئارام و رەشدا
کە ئەستێرەکانی تیا دەخەون
ئوفیلیای سپی مینا گوڵە نیلۆفەرێکی مەزن
لە ناو تارای درێژی خۆی ڕاکشاوە
نەرمە نەرمە سەر ئاو دەکەوێ ...
لە دارستانە دوورەکانیشەوە سەدای شاخی راو دێ
هەزار ساڵ زیاترە ئۆفیلیای خەمبار
وەک تارماییەکی سپی رووباری رەشی داگرتووە
هەزاران ساڵە و زیاتر شێتایەتیە شیرینەکەی
سترانی ئاشقانەی خۆی، بۆ شەوبای دەگێڕێتەوە
با مەمکۆڵانی ماچ دەکات و پەڕی گوڵان دەکاتەوە
تارای درێژیشی بە نەرمی بەسەر ئاودا دەشەکێتەوە
داربی لەرزیویش فرمێسک هەڵدەڕیزێ
گوڵە سەوسەنە وەریوەکانی دەوروبەری
هەناسەی سارد هەڵدەکێشن
جارجار بە جوقەی لانەیەکی نێو داربی خەوتوو وەئاگادێنەوە
ئاوازێکی نادییار لە ئەستێرەکانەوە هەڵدەڕژێ

## II

ئاخ ئوفیلیای رەنگپەڕیوی جوانی بەفر فام
تۆ بە منالێتی گیانت سپاردە
جۆش و خرۆشی ڕووبارێکی تووڕەوە
بۆیە بای هەڵکردووی بەرزاییەکانی کێوی نەرویژ
بە ئارامی باسی کوێرەوەرییەکانی ئازادییان بۆ کردی
ئەو شنە مەزنەی قژت دەهۆنێتەوە،زەنایەکی غەریب دەشارێتەوە
لە ناڵەو شیوەنی درەخت و ئەفسووسی شەوانەدا
دڵی تۆ گوێی بۆ سترانی سروشت رادەدێرا
هاواری دەریا شێتەکان مەرگێکی گەورەیە
منالێتی سینەی نەرم و نیان و مرۆییت ماچ دەکەن
ئیدی سپێدەیەکی بەهاری سوارچاکێکی رەنگ پەڕیوی قۆز
دێوانەیەکی داماو بە خامۆشی لەبەر پێتا دەچەمێتەوە:
ئاسمان ، خۆشەویستی، ئازادی
چ خەونێ ؟ ئەی دیوانەی بەستەزمان
تۆ خۆت لە نێو ئەوانەدا خنکان، وەک بەفر لە بەرابەر ئاگردا
خەونەکەت زۆر مەزن بوو ووشەکانتی رادەدا
وەحشەتێکی بێ سنوور بینینە شینەکانتی مات و سەرسام کرد

## III

...و شاعیر لە پرتەوی ئەستێرەکاندا دەیگووت
تۆ شەوانە دێی لە ژێر ئەستێرەکاندا
بە دوای ئەو گوڵانەدا دەگەڕێی کە چنی بووت
دەیگوت ئەو ئوفیلیای سپی بینیوە خۆی و تارای درێژی
وەک گوڵە سەوسەنێکی درشت بەسەر ئاوەوە.

---

* ئەم شیعرە لەسەر هەردوودەقی عەرەبی و فارسییەکە وەرگێڕدراوە
کلارە جەمشیدی لە فارسییەوە و - هالە نابلوسی- لە فەرەنسییەوە
*قەرەنی جەمیل بەراوردی لە گەڵ دەقە ئەسبانییەکەدا کردووە .

# مەلە لە ئاوی تیژپەڕی وجوود

**کەریم دەشتی**



## ژیاندۆستی لە گۆرانییەکانی هاملێت دا

بە درێژایی ئەزموونی ئەدەبی خۆم،گەلێ شاکاری گەورەی گەورەی جیهانی و خۆمانەییم خوێندۆتەوە، فیلم و شانۆگەریی و نواندنی زۆرم بینیو،بەڵام هەرگیز هەندێ کتێب و هەندێ لاپەڕەو بینینی هەندێ فیلم و شانۆگەریم لەبیر ناچێتەوە، یەکێ لەوانەی کە باسی دەکەم، شانۆگەریی هاملێتە،کە بە درێژایی چەندین سەدەیە ، تاوەکو ئێستاش هەر دەخوێندرێتەوەو کاری بەسەرەوە دەکرێت، بە تایبەت دیالۆگی نێوان هاملیت و لیپۆکەکان، بۆیە نووسینی ئەمجارەم تەرخان دەکەم بۆباسکردنی مەسەلەکانی ژیاندۆستی لە گەرمەی کارەساتەکاندا،کە لەوێدا مەبەستم هاملێتە، هەستم پێ کردووە، ئەز لەو باوەڕەدانیم کە لە بڕست وهێزی هیچ

کارەساتێکدا نییە، خۆشەویستی ژیان لە بیر مرۆڤ بباتەوە،چونکە مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیدا زۆر بە تاسووقەوە شەیدای مانەوەیە، شەیدای داکۆکی کردنە لە ژیان، شەیدای داهێنان و بونیاتنانە، لە گۆشەی رابردوو چوینەوە سەر ئەو هەوەسە کوشندانەی کە هەندێ مرۆڤی نەخۆش لە ئەنجامی شکستە رۆحیەکانی خۆیان تووشی دێن و بەرەو هەڵدێریان دەبات، ئیدی لە دەرەوەی کەوانەی مرۆفایەتیدا ، هەناسەی ساردی پەشیمانی هەڵدەکێشن، باسی ئەوەشمان کرد کە مرۆف هێزێکی لە بن نەهاتووی لە ناخی خۆیدا شاردۆتەوە و دەتوانێ زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەو هەست و نەستانەی کە بەرەو کاری نامرۆفانەی دەبەن، ئەلێرەوە لە بەرامبەر هەموو ئەوانەی کە دژی ژیان و خۆشەویستی ئەشق و ئەوینن، دژی هەوڵ و تەقەلای ئەوانەن کە دەیانەوێ کۆمەڵگەی خۆیان بەرەو شارستانییەت و بەرەو ئایندەیەکی گەش ببەن، هێزێکی دیکەی مرۆڤ هەیە، کە هێزی ئەشق و خۆشەویستییە، هێزی مانەوەی وەچەی مرۆڤە لەم سەر زەمینەدا، ئەویش لەو مرۆڤانەدا بەرجەستە دەبێت و ئەوانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری شوناسی مرۆڤدۆستی و ژیان دۆستین، تێرمی بیوفیلیا کەبە مانای سروشتدۆستی و ژیاندۆستی دێت، لە بنەڕەتدا لەسەر ئەوە هاتووە کە تەواوی بوونەوەرەکانی سەر زەوی بەتایبەت خودی مرۆڤ،لە پەیوەندییێکی بەهێزی خۆشەویستی دان، لە گەڵ سروشتدا واتە سروشتدۆستن ، پێیان وایە سروشتە دەتوانێ ، باڵانسی هەموو شتەکانی مرۆڤ بکات،هێزو ووزەی مانەوە دەبەخشێ بە مرۆڤ، هەربۆیەشە هەمیشە دەیەوێ

بگەڕێتەوە ناخی سروشت، بە تایبەت لە کاتە ناهەموارەکاندا، ئەم پەیوەندییەش لە ناهەستی هەموو بوونەوەرەکاندا هەیە، واتە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ سروشت خۆشەویستییەکی دەسکرد نییە، بەڵکو خۆشەویستییەکە لە ناهەستی مرۆڤەوەڕا هاتووە، ئەم خۆشەویستییەی مرۆڤیش بۆ سروشت، لە بناغەدا لە مەدارەکانی یەکیەتی بوونەوە دێت نمونەی ئەوەی کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی ژیاندۆستە لە زۆر دەقی ئەدەبی و شاکارەکاندا رەنگی داوەتەوە، دەتوانین ئاماژە بە دوو گۆرانی ناو شانۆگەری هاملێت بکەین، کە لە بەشی پێنجەم و لە دیمەنی یەکەمدا بڵاو بۆتەوە، کاتێك هاملێت بەرامبەر ئەو پیاوەی  کە رۆڵی لیپۆکی یەکەم دەبینێ راوەستاوەو ئەویش خەریکی گۆڕ لێدانەولە هەمان کاتیشدا، گۆرانی دەڵێت :

ئای بۆ ئەوینی سەردەمی گەنجیم ، وای چەند شیرین بوون
هیوام ئەوە بوو کە بەیەك بگەین
بەلکو خەم و ئازارەکانم چارەسەر بووانە

***

خودایە رۆژەکانم بەسەر چوون
پیریی پەرش و بڵاوی ناو ئێسقانم بووە
زەمانی من بۆکوێ چوو
خۆی و گەنجێتی و ئەوینم

ئالەو کاتەدا کە گۆڕ هەڵکەن گۆڕی هەڵدەکەن و ئەو گۆرانییەی دەگووت، هاملێت گووتی: ئەرێ ئەو کابرایە نازانی دەستەکانی خەریکی چین؟ گۆرانی دەڵێت لەو کاتەی گۆڕ هەڵدەکەنێ؟

دیسانەوە لیپۆکی یەکەم دەست بە گۆرانی دەکاتەوە
بێنن پێمەڕە و تەور بێنن
ووردو خاش بوویمە و بێ کفن بکەن
گۆڕێکم بۆ هەڵکەنن، گۆڕێ بێ کەتژی هێمنیم بێ

پارادۆکسی ئەم دیمەنە، بەو دیالۆگە گرینگەی نێوان هاملێت و لیپۆکەکان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە شکسبیر بە خۆی بلّێ، ژیان بە هێز ترو خۆشەویست ترە لەوەی کە من بە دوای کارەساتەکاندا بکەوم و بە پەیژەی گومانەکانمدا هەڵگەڕێم چونکە لە شانۆگەریی هاملێتدا گومان گەورەترین تێمای سەرەکی شانۆگەرییەکەیە و هەر لەوێدا هاملێت بڕیاری جەبریەتی سروشت و ژیان دەدات کە دەڵێت: ببین یا نەبین،ئەوەیان پرسەکەیە، یاخود کێشەکەیە، واتە هێزی لە بن نەهاتووی بیوفیلیا هێزی هاملێت بۆ ژیان، مرۆڤەکان ناچار دەکات، بە دوای خۆشەویسەتی و ئەڤیندا بگەڕێن و هەر ژیاندۆستیش بکەن بە سەرمەشقی خۆیان.

## شیعر:




کەریم دەشتی

کەوەک باڵندەیێ
چوومە ناو دارستان
بەسەر بەرزترین لکەوە هەڵکورمام
هەستم کرد
ژیان هەمووی درەوشانەوەی گەڵایە
شاباڵم شەڵاڵی فڕین بوو
بیرم کەوتەوە من باڵندە نیم
دڵم لە سینە کەوتە خوارەوە
هەپڕوون بە هەپڕوون بوو
ئەوسا زانیم من بۆ فڕین نەخوڵقاوم
سەرزەمین  نیشتیمانمە هەتا ماوم

# شیرکۆ بێکەس

## لە بارەی " کەریم دەشتی"یەوە:





**لە کتێبی 955 دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا لە لاپەڕە 107 و 184 و 185 دا ئاوا بۆ کەریم دەشتی نووسیوەو ئەڵێت:**

**بەڵێ من پێمووایە ئێستا یەکێك لە گەورەترین شاعیرەکانی کوردی ئەو سەردەمە بە بڕوای من کەریم دەشتی یە و کەریم دەشتی بەردەوام لە هەڵکشان دابووە من کەم هاتنەخواەوەم پێوەی بینیوە، دوای ئەوە کەریم بیرکردنەوەی شیعری قووڵە، دوای ئەوە بەیەکگرێدانەوەی منالی و ئێستاو دوارۆژی تێدایە، هەمیشە لە وێنەی تازەدا ئەیبینینەوە, بۆ نمونە ئەو چەندجار باسی رابوردوی خۆی ئەکات، بەڵام هیچ جارێکیان لەوەی تر ناچێت, لە**

شیعرەکانیدا جگە لەوە وێنەی شیعری زۆر بە هێزی هەیە و مامەڵەی سەیر لەگەڵ مەسەلەی میسیولۆژیاو ئەفسانە شیعری دراما ئەکات، کەم شاعیر هەیە بتوانێ یان ئەو دەسەڵاتەی هەیە، کەریم بە هێواشی کاری کردووە واتە پەلەی نەکردووە وجگە لەوەش نووسەرێکی فرە بەهرەیە, بەڵێ تاقەتی زۆرەو بۆ نمونە لە هەمان کاتیشدا خەریکی هەندێ نۆڤلێتە یان چیرۆکە لەم لاشەوە وەرگێڕانیش دەکات کاری باشی وەرگێڕاوە, ئەوەی مەسیح ، "مەبەستی رۆمانی دوا وەسوەسەی مەسیحە "کازانزاکی" ئەزانم ئەو یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرە باشە کانمان بەهرەیەکی گەورەی هەیە یەکێکە لەوانەی تەقینەوەی جوانی هەیە.

# فەرهاد شاکەلی

## لە بارەی " کەریم دەشتی"یەوە:



کاک کەریم دەشتی یەکێکە لە شاعیرە چاک و سەرکەوتووەکانی هەشتاکان و دواتر. زمانە کوردییەکەی تەڕ و پاراو و تیشکپرژێنە. وێنە شیعرییەکانی بە هەزاران تاڵی زیوین و زێڕین، بە سروشتەوە بەستراون. دەڵێی ئەو هەموو تاڵە ڕەنگاوڕەنگانەی لە زوڵف و ئەگریجە و کەزی و پەلکی پەرییانی بەهەشت کردوونەوە. کە ئەوان خەوتوون، ئەم پاسەوانی خەونەکانیان بوو، دەرفەتی باشی دەست کەوتبوو، لە لەشولاری گوڵئاسایان ورد ببێتەوە، هەم وێنەی خەونەکانیان قەڵەمکێش بکات و هەم "داوە شیعر" و "داوە شەعر" لە پەلک و کەزییان بکاتەوە.

ئەزموونی کاک کەریم دەشتی شایانی لێکۆڵینەوەی جیددی و زانستییە، بەڵام ڕەخنەی کوردی زۆر لەوە لاوازتر و کۆڵەوارترە بتوانێت ئەزموونە گەورە و بەنرخ و نایابەکانی شیعری کوردی بە سەر بکاتەوە، یا هەر لێی نزیک ببێتەوە.